# عێراق لە کوردستان جیا بۆتەوە

لەپاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق و لە نیسانی ساڵی ٢٠١٤دا هەر لە گۆڤاری گوڵانی ئازیزدا بابەتێکم نووسی بەم ناونیشانە: (با لەم هەڵبژاردنەوە هەوڵی ماڵئاواییکردن لەعێراق بدەین) کەتیایدا نووسیبوم:

«چوار ساڵی دی دەگەینە ساڵی ٢٠١٨، ئەو کات یادی تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ دەبێت بەسەر تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهان و گەیشتنی هێزەکانی بەریتانیا بە کوردستانی باشوور و ١٠٢ ساڵیش بەسەر رێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ) دا تێدەپەڕێت، ئایا ئەو کاتیش دەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، یان ئەوسا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمانین؟»

ئێستاش لەسەروبەندی ساڵی ئەنجامدانی ریفراندۆمداو لەکاتێکدا هەندێك لەدەوڵەتانی دراوسێ باس لەجیابوونەوەی کوردستان لەعێراق دەکەن، پێم باشە بڵێم ئەوە ئێمە نەبووین دەستپێشخەریمان کرد لەجیابوونەوە، بەڵکو ئەوە عێراق بووە کە بەکرداری خۆی لەکوردستان جیا کردۆتەوە، بۆیە ئیدی نابێت کەس خۆی نیگەران بکات لەهەڵوێستی یاسایی و سیاسیمان بۆ ریفراندۆم و بڕیاردانی مافی چارەنووس، چونکە لەدوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق و بەستنەوەی هەرێمی کوردستان بەعێراقەوە، عێراق رۆژ لەدوای رۆژ بەکرداری کوردستانی بۆ سەربەخۆیی هانداوە بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

یەکەم: پابەندنەبوون بەجێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

دووەم: پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.

سێیەم: رازینەبوون بە پێکهێنانی هەرێمی دی وەك بەرجەستەکردنی راستەقینەی عێراقێکی فیدراڵ.

چوارەم: پێشێلکردنی رێسای تەوافوق کە بەردی بناغەی عێراقی نوێ بوو.


پێنجەم: هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە و وازهێنان لەچەمکی شەراکەتی راستەقینە.

شەشەم: بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان.

حەوتەم: کەمکردنەوەو پاشان بڕینی بەشە مووچەی هەرێمی کوردستان.

هەشتەم: بڕینی بەشە چەك و تەقەمەنیی هەرێمی کورستان لەشەڕی دژ بەداعشی تیرۆریستدا.

نۆیەم: بڕینی بەشە دەرمانی هەرێمی کوردستان.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

دەیەم: گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی لەعێراقدا بۆ حوکمی دینی سیۆکراسی و کارکردن بە فەتوا بۆ دروستکردنی دامەزراوەی دینی و حەشدی شەعبی.

ئەمانەو زۆر خاڵی دی کوردستان دەخاتە بەردەم دوو ئەگەرو هەر دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت: یان مانەوە لەم عێراقە دواکەوتووەدا، یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی.

دیاریشە کە خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی جەماوەریدا مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، چونکە:

یەکەم: ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی مافێکە یاسا نێودەوڵەتییەکان بەگشت گەلانی جیهانی داوە.

دووەم: جینۆسایدکردنی کوردان لەسایەی ئەم عێراقەدا پەیامێك بوو کە بە زۆر پێکەوەلکاندنی گەلان و تێکەڵکردنی خاك و نیشتمانەکان، هەنگاوێکی کارەساتهێنە.

سێیەم: ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئێمەو سڕینەوەی گوناهەکانی خۆیان، کە مافی ژیانی ئارەزوومەندانە و مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ ئێمەش بە ڕەوا بزانن.

چوارەم: لە رووی سیاسییەوە کوردستان ئەزموونێکی دیموکراسیی تا رادەیەکی باش سەرکەوتووە لەناوچەکەدا.

پێنجەم: لە رووی ئابوورییەوە خاوەنی نەوت و غاز و کانزای گرانبەهاو رووبەری کشتوکاڵیی فراوانە بۆ ئایندە.

شەشەم: لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەی مەدەنی و پێشکەوتنخوازە.

حەوتەم: رۆڵی ئەکتیڤکردنی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە.

هەشتەم: لە رووی سەربازییەوە پێشمەرگە وەك سیمبوڵ بۆ هێزێکی نیزامی و خاوەن دیسیپلینی سەربازی و وەك پشتیوانیش بۆ هاوپەیمانیی جیهانی تەماشا دەکرێت.

نۆیەم: هەرێمی کوردستان پێگەیەکە بۆ دامەزراندنی بنکەی هاریکاریی لۆجیستیی لەگەڵ هاوپەیمانانی جیهانیدا.

دەیەم: لە رووی ئایینییەوە کوردستان شوێنی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی جیاوازەکان و کەلتووری لێبوردەییە.

کەواتە با کەس تۆمەتی جیابوونەوەمان نەداتەپاڵ، چونکە ئەوە عێراقە بە کرداری لە کوردستان جیابۆتەوە.


# پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کارێکی نیشتمانییە با نەکرێتە کارێکی حزبی

**سەرۆکی کوردستان ئامادەیی خۆی بە تەسلیمکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی بە حزبەکان راگەیاند، بەڵام لایەنە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی بەدیلی سەرۆک مسعود بارزانی-یان نەبوو، نە توانییان کەس دەستنیشان بکەن، نە توانیشیان بڕیار بدەن**

## ● دروستکردنی بۆردێك، یان ئەنجومەنێکی سیاسی بۆ بڕیاردان لەسەر کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆم

پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە و دەبێت بەو ئاراستەیە کاری بۆ بکرێت کە ببێتە پرۆسەیەکی دەستەجەمعیی هەموو حزبە سیاسییەکان و پێکەوە ئەم بڕیارە سیاسییە دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم پرسە لە کوردستاندا نەیتوانیوە چوارچێوەی چەند حزبێکی بەشدار لەناو حکومەت تێپەڕێنێت و هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەوە و بەشداری تێدا بکەن. بۆیە پێشنیاری ئێمە لەسەر ئەم پرسە بەو جۆرەیە کە پێویستە کار بکرێت بۆ ئەوەی بۆردێك، یان ئەنجومەنێکی سیاسی دروستبکرێت و ئەم بۆردە، یان ئەم ئەنجومەنە سیاسییە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبکاتەوە، نەك چەند حزبێك و پەراوێزخستنی ئەوانی دیکە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە هەموو لایەنە سیاسییەکان لەو بڕیارە سیاسییەدا بەشدار بن و بە بڕیاری خۆیانی بزانن. ئەوەی تا ئێستا تێبینی دەکرێ، پرۆسەکە بەشێوازێکی حزبی کاری بۆ دەکرێ و داواکردنی نوێنەریش بۆ لیژنە، یا کۆبوونەوەکان بەپێی میزاجی حزبی بووە، پێویستە ئەم هەڵەیە راست بکرێتەوە.

پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا ئەوکاتە دووچاری ئیفلیجبوون هات کە پرۆسەکە لە نێوان پێنج حزبدا بەرتەسك و بچووك کرایەوە و حزبەکانی دیکە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان خرانە پەراوێزەوە، لە ئێستادا ئەو راستییە بە تەواوەتی لای سەرۆکی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و تا رادەیەکیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاشکرا بووە کە ئەزموونی بچووککردنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان پێنج حزبدا شکستی هێناوەو، لەبری ئەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ کوردستان فەراهەم بکات، کەچی وەك دەبینین جۆرێك لە ناسەقامگیری سیاسی و پەککستنی پەرلەمان و حکومەتی لێکەوتۆتەوە،



**غەفوور مەخمووری***

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بۆیە ئەگەر لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا پارتی و سەرۆك بارزانی لەژێر گوشاری چوار لایەنەکە (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو) بە سنووردارکردنی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان رازی بووبن، ئەوا لەسەر پرسی ریفراندۆم دەبێت ئەو هەڵەیە راست بکەنەوەو ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییە لەو چوارچێوە حزبییە تەسکە رزگار بکەن.

پرسی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتۆتە قۆناخێك دەبێت هەنگاوی پراکتیکی و دووربینانەی بۆ هەڵبگیرێت. پرسەکە لەوە دەرچووە کە دوو بۆچوونی جیاواز لەناو خەڵکی کوردستاندا لەسەر ئەوە هەبێت، ئایا ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆبین، یان هەر بە پاشکۆیەتی عێراقی بەزۆر دروستکراو بمێنینەوە؟ نەخێر، نەك هەر خۆمان، بەڵکو دەتوانین بڵێین تا رادەیەك رای گشتیی جیهانیش لەوە دڵنیا بۆتەوە کە جارێکی دیکە کوردستان ناتوانێت وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کورد ماوەی ٨٠ساڵ حوکمڕانیی عەرەبی سوننەی تاقیکردەوە، سەرەنجامەکەی ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان بوو، هەروەها ئەوە ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵیشە حوکمڕانی عەرەبی شیعەمان تاقیکردۆتەوە، سەرەنجامی ئەمەشیان بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بوو، هەروەها پێشێلکردنی ئەو دەستوورە بووە کە لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی نوێ پەسەندکراوە.

کەواتە ئەم باکگراوەندە مێژووییە ئەوەمان پێدەڵێت، چۆن لە بنەڕەتدا کوردستان بەشێك نەبووە لە عێراق و بەزۆر بە عێراقەوە لکێندراوە، ئەوا سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، ئاکامی ئەو غەدرە بووە کە بەزۆر کوردستان بەعێراقەوە لکێندراوە، ئەم پێکەوەلکاندنە زۆرەملێیەش هەموو کات سەرچاوەی هەموو کێشەکانی کوردستان بووە، هەتا ئەم غەدرەش راست نەکرێتەوە، ئەوا نە عێراق ئارامی بە خۆیەوە دەبینێت و نە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

**پرۆسەی ریفراندۆم کە بەبێ پەرلەمانیش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەڵام بوونی پەرلەمانێکی کارا دەبێتە هۆکاری یەکریزی و یەکدەنگی و پشتگیرییەکی باش بۆ سەرخستنی پرۆسەکە**

**راستە خەڵکی کوردستان بۆ پەرلەمان دەنگی بەحزبەکان داوە، بەڵام دەنگی پێداون بۆ ئەوەی پەرلەمان دەزگایەکی نیشتمانی بێت، نەک ببێتە دەزگایەکی حزبی**

**هەر کەس و هێز و لایەنێک ئەوجا لەژێر کاریگەری ئەجینداى دەرەکی بێت، یاخود بۆ هەر مەبەستێکی دیکە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رابوەستێتەوە، ئەوا مێژوو خاڵێکی رەشی لەسەر تۆمار دەکات و نەوەکانی ئایندەش لێی خۆش نابن**

لەناو ئەو هەموو غەدرو زوڵمەی لە کوردستان کراوە، بەڵام کوردستان توانیویەتی لە چوارچێوەی حکومەتی کوردستاندا، نموونەیەکی تازە و جوان پیشانی جیهان بدات و هەروەها توانیویەتی چەندین خاڵی بەهێز دروست بکات کە سەرنجی جیهان رابکێشێت و لە بەرامبەریشدا جیهان بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا دەکات، بۆیە ئێستا کوردستان خاوەنی پەیوەندییەکی دیپلۆماتیی زۆر فراوانە لەگەڵ زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان و هەمووشیان بەچاوی رێز و سۆزداری مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن، هەروەها ئێستا کوردستان خاوەنی هێزێکی قارەمانی وەك هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە توانیویەتی لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات، هەر ئەم هێزەش ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی کوردستانی پاراستووە، لەسەر ئاستی رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووریش؛ لەگەڵ ئەوەی گەندەڵییەکی زۆر لە کوردستاندا هەیە و سەرباری ئەوەش ئەوە چەندین ساڵە حکومەتی بەغدا بودجە و مووچەی لە کوردستان بڕیوە، بەڵام هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن کە دەستکراوە بە ریفۆرمێکی سەرتاسەری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بۆ ئەوەی بتوانرێت سیاسەتێکی ئابووریی ئەوتۆ دابڕێژرێتەوە کە ژێرخانی ئابووریی کوردستان رێکبخاتەوە. ئەمانە هەموویان خاڵی گرنگن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کوردستانی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە پێی بگوترێت دەوڵەتی ئەمری واقیع، یان دەوڵەتێکی رانەگەیەندراو.

کەمتەرخەمی، یان هەوڵنەدان بۆ ئەوەی ئەم فرسەتەی کە هاتۆتەپێشەوە وەك خۆی سوودی لێوەرنەگیرێت، غەدرێکە دەرهەق بە مێژووی خەبات و قوربانیی رابردوو و ئێستا، هەروەها غەدرێکە دەرهەق بە نەوەکانی ئایندەشمان، بۆیە هەر کەس و هێز و لایەنێك ئەوجا لەژێر کاریگەری ئەجینداى دەرەکی بێت، یاخود بۆ هەر مەبەستێکی دیکە دژی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رابوەستێتەوە، ئەوا مێژوو خاڵێکی رەشی لەسەر تۆمار دەکات و نەوەکانی ئایندەش لێی خۆش نابن. لەسەر ئەم پرسە دەخوازم ئاماژە بە قسەیەکی سەرۆك مەحمود عەباس سەرۆکی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین بکەم کە لەیەکێك لە سەردانەکانمدا بۆ فەلەستین پێی گوتم: «پێشنیاری من بۆ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و گەلی کوردستان ئەوەیە هەنگاوی پراکتیکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەڵبگرن و دەمەوێت ئەم پەیامەی من بە سەرۆکی کوردستان بگەیەنیت، هەتا ئەگەر لەسەر تەنیا گوندێکی کوردستانیش دەتوان دەوڵەت رابگەیەنن، بێ دوودڵی بڕیار بدەن و رای بگەیەنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر بوونە دەوڵەت، ئەوا دواتر بە یاسای نێودەوڵەتی دەتوانن هەموو خاکی کوردستان بگەڕێننەوە بۆ ناو دەوڵەتەکەی خۆتان.» ئەم قسەیەی بەڕێز مەحمود عەباس سەرۆکی فەلەستین بەرهەمی ئەزموونێکی دوور و درێژە و راستکردنەوەی چەندین هەڵەیە لە پرۆسەی راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستیندا، هەر بۆیە کاتێك مەحمود عەباس بە ئێمە دەڵێت: «با سەرۆکی کوردستان ئەگەر لەسەر رووبەری تەنیا یەك گوندیش دەوڵەت رادەگەیەنێت، با رای بگەیەنیت»، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو فرسەتەی ئێستا بۆ کوردستان هاتۆتەپێشەوە بە هەموومان سوودی لێوەربگرین و لەدەستی نەدەین.

ئێستا کە بەوردی رەوشی باشووری کوردستان دەخوێنینەوە، هەموو چاودێرێکی زیرەك هەست بەوە دەکات کە هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتیمان لەپشتە، بەڵام کێشەی سەرەکی نێوماڵی کوردستانە کە نەمانتوانیوە لەسەر ئەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییە یەکڕیز و یەکدەنگ و یەك ئیرادە بین.

### ● شکستی حوکمڕانیی پێنج حزبەکە تێکەڵکردنی هەردوو چەمکی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

ئەو ململانێ حزبییە ناتەندروستەی لەنێوان پێنج حزبەکەی دەسەڵات لەکوردستاندا هەیە، دابەشبوون و جەمسەربەندییەکی روون و ئاشکرای لە کوردستاندا دروستکردووە، لەهەمانکاتدا تێکەڵکردنێکی تەواوی لە نێوان چەمکی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دروستکردووە. ئەو پێنج حزبە هەر یەکەیان بەپێی قەوارەی خۆی

پشکدارە لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا، لەهەمانکاتدا هەر خۆشیان بوونەتەوە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی ناتەندروست بۆ ناشیرینکردنی کوردستان و هەڵوەشانەوەی بنەماکانی حکومەت و حوکمڕانی لە کوردستاندا، هۆکاری سەرەکیش بۆ دروستبوونی ئەم دیاردە قێزەونە لە کورستاندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو لایەنە سیاسییانەی لە کابینەی شەشەم و حەوتەمی حکومەتی کوردستاندا خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆن ناساندبوو، ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی ناتەندروستیان پیادە دەکرد، نەك ئۆپۆزسیۆنێکی ئەرێنی کە ململانێ لەسەر بەرنامەی باشتر لەگەڵ حکومەتەکەی خۆی بکات. لە کابینەی شەشەم و حەوتەمدا کە بەحیساب ئەوان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیان دەگێڕا، بە هاتنیان بۆ ناو پەرلەمان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کە بازنەی ئازادی سیاسی لەکوردستاندا بچووك بکەنەوە، ئەمەش بە بڕینی بودجەی سەرجەم ئەو حزبە سیاسییانەی لە دەرەوەی ئەو پێنج حزبە بوون، ئامانجی ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە بوو کە بێجگە لەو پێنج حزبە هیچ حزبێکی دیکە لە کوردستان نەمێنێت و لەناو پێنج حزبەکەشدا گەلەکۆمەکێیەك لە پارتی و شەخسی سەرۆکی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی هەردووکیان ناشیرین بکەن. لەم پرسەدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی سەرەکی و خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان، نەدەبوو لە ژێر گوشاری ئەو چوار لایەنە؛ پرۆژەی پێنج حزبی سەرەکی قبووڵ بکات و تەواوی حزبە سیاسییەکان بەهێز و لایەنە سیاسییەکانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانەوە پەراوێز بخات. ئەمەش وایکرد کە پەرلەمانی کوردستان ببێتە سەکۆیەك بۆ ململانێی حزبی و داهێنانی نەریتی ناجۆر لە ناو پەرلەماندا وەك شەڕەجنێو و بوتڵ تێگرتن و تەپڵ و فیکەلێدان!

لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمیشدا کە جارێکی دیکە ئەم پێنج حزبە ڕێککەوتن پێکەوە حکومەت پێکبهێنن، لەسەر ئەو بنەمایە ڕێککەوتن کە کوردستان پێویستی بە سەقامگیری و ئارامی هەیە، بەڵام پاشان دەرکەوت نەك هەر نەیانتوانی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان بپارێزن، بەڵکو هەر خۆیان بوونە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان بە بیانووی هەموارکردنەوەی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) پەك بخەن.

لێرەدا بۆ مێژوو، باس لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی جەنابی سەرۆکی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان دەکەم کە خۆم لە کۆبوونەوەکە ئامادەبووم، پێش ئەوەی چوار لایەنەکەی دیکە (گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو) پرۆژەیەکی هاوبەشیان بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ببەنە ناو پەرلەمان، لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی کوردستان ڕووی کردە سەرجەم حزبە سیاسییەکان و پێی گوتن: «لە من ئاسانتر نییە بۆ دەستاودەستکردنی سەرۆکایەتی، بەڵام ئەگەر ئێوە دەزانن دەرچەیەکی یاسایی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، ئەوا ئێوە وەك سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کەسێك دیاری بکەن بۆ ئەوەی دەور و تەسلیمی لەگەڵ بکەم، ئەمەش گرنگە من بزانم کێ دێتە شوێنی من، لەبەر ئەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پۆستێکی گرنگە و کۆمەڵێك ئەرك و بەرپرسیاریەتی هەیە، دەبێت تەسلیمی ئەو کەسەی بکەم کە دێتە شوێنی من، هەروەها ئامادەم پێویست بکات ماوەیەك هاوکاری بکەم، هەتا تەواو لە ئەرکەکان شارەزا دەبێت.» هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بووە وادەی نوێژی عەسر، سەرۆکی کوردستان پێی گوتین: «من وا دەڕۆم، ئێوە خۆتان بریاری لەسەر بدەن.» سەرۆکی کوردستان بەمجۆرە ئامادەیی خۆی بە تەسلیمکردنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی بە حزبەکان ڕاگەیاند، بەڵام لایەنە سیاسییەکان لەبەر ئەوەی بەدیلی سەرۆك مسعود بارزانی-یان نەبوو، کە ڕۆیشتن، نە توانییان کەس دستنیشان بکەن، نە توانیشیان بڕیار بدەن، بەڵام دواتر ئەو لایەنانە ڕاشکاوانە کەوتنە بەرپاکردنی شەڕێکی نارەوا لە دژی بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و ویستیان وای پیشانبدەن، کەوا سەرۆك بارزانی دەستبەرداری پۆستی سەرۆکایەتی نابێت و ئەوان دەیانەوێ بە زۆر لای ببەن و دواتر

**کوردستان خاوەنی هێزێکی قارەمانی وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە توانیویەتی لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات، هەر ئەم هێزەش ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی کوردستانی پاراستووە**

**ئێستا کوردستان خاوەنی پەیوەندییەکی دیپلۆماتیی زۆر فراوانە لەگەڵ زۆربەی زۆری دەوڵەتانی جیهان و هەمووشیان بەچاوی ڕێز و سۆزداری مامەڵە لەگەڵ کوردستان دەکەن**

**کورد ماوەی ٨٠ ساڵ حوکمڕانیی عەرەبی سوننەی تاقیکردەوە، سەرەنجامەکەی ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان بوو، هەروەها ئەوە ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵیشە حوکمڕانی عەرەبی شیعەمان تاقیکردۆتەوە، سەرەنجامی ئەمەشیان بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بوو**

**پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا ئەوکاتە دووچاری ئیفلیجبوون هات کە پرۆسەکە لە نێوان پێنج حزبدا بەرتەسک و بچووک کرایەوە و حزبەکانی دیکە و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان خرانە پەراوێزەوە**

**پرۆسەکە بەشێوازێکی حزبی کاری بۆ دەکرێ و داواکردنی نوێنەریش بۆ لیژنە، یا کۆبوونەوەکان بەپێی میزاجی حزبی بووە، پێویستە ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە**

بڵێن بەزۆر سەرۆکی کوردستانمان دەرکردووە. بۆیە ئەو بەزمەیان لە پەرلەمان دروستکرد، بۆ ئەوەی کەسایەتی سەرۆکی کوردستان ناشیرین بکەن، ئەمەش غەدرێکی گەورە بوو بەرامبەر بە کەسێك کە هەموو ژیانی هەر پێشمەرگایەتی و خەبات و قوربانیدان بووە لە پێناوی گەلەکەیدا، سەرەنجامیش وەك هەموو لایەك ئاگادارن لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ پەرلەمان بە زۆرینەی دەنگ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (هەمواركردنەوەی پڕۆژەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم) کرد و لەماوەی نزیکەی دوو مانگدا تا وەکو ١٩ی ئابی ٢٠١٥ هەموو هەوڵێك بە ئامادەبوونی ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان خرایەگەڕ بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر ئەم پرسە بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام وەك لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بینیمان سەرۆکی پەرلەمان بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە گرنگە کرد و کۆبوونەوەی حزبەکانی بێبایەخ کرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دانیشتنی پەرلەمان هەر بکات، بەڵام سەرەنجام نیسابی یاسایی دروست نەبوو، بەمەش پرسەکە گەیشتە بنبەست و بەکردەیی پەرلەمان پەکی کەوت و دوای ڕووداوەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ش کە ڕێگە نەدرا سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و بەمەش پەرلەمان پەکی کەوت.

لەگەڵ ئەوەی لەدوای ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ عینادیی سیاسی جۆرێك لەچەقبەستوویی لەناو پێنج حزبەکە بەگشتی و لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دروستکردووە، بەڵام کردنەوەی ئەم چەقبەستووییە پێویستی بە وەلانانی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی شکست خواردووی ئەو پێنج حزبە هەیە و، کاتێك باس لە کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکرێت، پێوستە بیر لە میکانیزمێکی تازەش بکرێتەوە.

## ● کاراکردنەوەی پەرلەمان گرنگە بەڵام نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانی ریفراندۆم

لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان باس لە کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکەن، پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان، بەڵام هێندەی من تێیگەیشتووم پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، هێندەی پێویستی بە دامەزراندنی بۆردێك، یان ئەنجومەنێکی سیاسی هەیە کە نوێنەری هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تێدا بێت، هێندە پێویستی بە پەرلەمان نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرۆسەی ریفراندۆم پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی هەیە و پێویستە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربن، دوای ئەم بڕیارە سیاسییەش ئەگەر لایەنە سیاسییەکان لەسەر میکانیزمێك بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان ڕێکبکەون، دەکرێت ئەو بڕیارە سیاسییە ببردرێتە پەرلەمان و لە پەرلەمانیش پەسەند بکرێت.

بۆ وەلانانی ململانێ حزبییەکان و کاراکردنەوەی پەرلەمان پێشنیاری من ئەوەیە کە پێویستە لەم قۆناخە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام بدات و دەستەیەکی سەرۆکایەتی کاتی بۆخۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەو دەستەی سەرۆکایەتییە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکات و پاشان هاوپەیمانێتییەکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی بەرکەوتەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و پاشان بە دەنگدان سەرۆك و جێگر و سکرتێرێکی نوێ بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە کە بە ئەقڵییەتێکی نوێ و بە کاراکتەری نوێ سەرۆکایەتی پەرلەمان دروست بکرێتەوە، ڕاستە خەڵکی کوردستان بۆ پەرلەمان دەنگی بەحزبەکان داوە، بەڵام دەنگی پێداون بۆ ئەوەی پەرلەمان دەزگایەکی نیشتمانی بێت، نەك ببێتە دەزگایەکی حزبی، بەمەش لەو پەتایە ڕزگار دەبێت کە لەدوو خولی دوایی پەرلەماندا، پەرلەمان ببووە ئامرازێك بەدەست حزبەکانەوە، لەم حاڵەتەدا ئەم شێوازە کۆتایی دێت و پەرلەمان دەبێتەوە بە نوێنەری خەڵکی کوردستان و دەتوانێت لە هەموو پرسە نیشتمانییەکان و کاراکردنەوەی دامەزراوەکان ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێت، لەهەمانکاتیشدا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم کە بەبێ پەرلەمانیش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەڵام بوونی پەرلەمانێکی کارا دەبێتە هۆکاری یەکڕیزی و یەکدەنگی و پشتگیرییەکی باش بۆ سەرخستنی پرۆسەکە.

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان** YNDK

## سەبارەت بە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ناو سووریا

# چۆن تێی دەگەین و بۆ کێمان دەوێت؟



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

جارێکی دیکەش لەسەر (ناوچەی ئارام) لە سووریا دەنووسم، لەبەر ئەوەی زۆر گرنگەو رووبەڕووی تێکدانی بەئەنقەست و بگرەو بەردە بۆتەوە، ئەمەش بەهۆی یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو رژێمانەی دەوروبەری سووریا و کۆمەڵ و گرووپە چەکدارەکان لە ناوچە جیاجیاکان و لەوانەش دەسەڵاتی ئەمری واقیع کە کۆنترۆڵی ناوچەکانمانی کردووە، ئەوەی پاڵی پێوەنام کە دەربارەی ئەو بابەتە بنووسم هەوڵێك بوو بۆ هەڵێنجانی هەڵوێستی نیشتمانیی گشتی و کوردی بە تایبەتی لەم پرسەدا، کە هێزە نیشتمانییەکان و ناوەندە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان باسی لێوە دەکەن و لەپێناو ئەوەی جیای بکەینەوە لە بەرژەوەندیی ئەو رژێمانەی پەیوەندییان بە دۆسیێی سووریاوە هەیە، هەروەها ئەو حزب و گروپانەی کە دەیانەوێت بیقۆزنەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە راستەقینەکانی خەڵکی سووریا لەوانەش گەلی کورد، کە خوازیارە هەموو لایەك گوێڕایەڵی لۆژیکی دروست و بابەتی بن و نەکەونە دوای هەست و سۆز، هەتا ئەگەر لەسەر ئاستی مرۆییشەوە رەوا بێت.

دوابەدوای گورزە ئاسمانییەکەی تورکیا لە بارەگاکانی پەیەدە بەر لە هەفتەیەك لە چیای قەرەچوغی ناوچەی دێریکی سەر سنووری سووریا لەگەڵ تورکیاو سووریا لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرلەنوێ هەندێ دەنگ بەرز بووەوەو داوای ناوچەی دژەفڕین دەکەن و ئەم جارە نەك لەلایەنی شۆڕشگێڕانی شۆڕشی سووریاو ئۆپۆزسیۆنەوە بە مەبەستی پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل و ناوچە ئازادکراوەکان لە چنگ رژێم، هەروەها نەك لە حکومەتی تورکیاوە بۆ دامەزراندنی ناوچەی ئارام بۆ پەنابەرانی سووریا کە لەبەر شەڕ رادەکەن تا فشارەکە لە سەر شانیان سووك بکات لە باکووری سووریاو لە باکووری رۆژئاوا، تەنانەت نەك لە بەر حکومەتی ئوردنیش وەك ناوچەی ئارامی باشووری سووریا لەبەر ئەو ئامانجانەی کە وەك ئامانی تورکیایە، بەڵکو لەلایەن پەیەدەوەیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حزبی و ئەمنی و سەربازی و ئیداریی خۆی کە بە تەواوی دژی پرەنسیپ و وردەکارییەکانی ناوچەی ئارام بووە لە هەموو سووریا لەوەتەی شەش ساڵەو تا ئێستاش بە هەمان شێوە هەروەکو هەڵوێستەکانی رژێم و ئێران و رووسیا.

دوای ئەوەی مەترسی گەیشتە نێوماڵی پەیەدە، ئەوجا دەبینین کە دروشمی ناوچەی (دژەفڕین) بەرزدەکاتەوە (مەبەستیشی لەمەدا فڕۆکەکانی رژێم، یان رووسیای داگیرکار، یاخود ئێران نییە) هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی بۆ ئازادکردنی رەققە رادەگرێت لەلای هێزەکانی سووریای دیموکرات، ئەگەر هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا بەردەوام بێت، ئەمەش لایەنی ئەمریکای وا لێکرد، کە یەکەم چاودێرو تاکە پشتیوانی هەڵمەتی پاککردنەوەی رەققەیە لە تیرۆریستانی داعش، گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئەردۆغان و دەوریەی زرێپۆش بهێنێتە ناوچەکە کە ئاڵای ئەمریکیان پێوەیە لە هەندێ

ناوچەی سەرسنووری پارێزگای حەسەکە، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ دابینکردنی جۆرێك لە پاراستن و دڵنیایی و بەردەوامبوونی کار بەپێی ئەو پلانەی بۆ رەققە دانراوە، ئەوەی جێی سەرنجە و پێشتریش پێشبینیمان دەکرد ئەوەیە کە بابەتی رەققە لەنێوان ئەمریکاو پەیەدە و ناکۆکیی تەکتیکی قابیلی چارەسەرە لەهەر چرکەساتێکدا بێت لەگەڵ تورکیا لە بەرژەوەندیی پەکەکەوە نەك گەلی کوردی سووریا، هەروەها باسی ئایندەی کوردی سووریا و مافەکانیان ناکات، هەروەك ماشێنی راگەیاندنی پرۆپاگەندەی ئاپۆچییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

مایەی پەسندو خۆشحاڵی نییە لەسەر ئاستی نیشتمانیی سووریا هەر رێکارێکی تاکلایەنە و دامەزراندنی دەسەڵاتگەلی ئەمری واقیع لە هەر ناوچەیەکی سووریا کە کۆدەنگی و سازشی نیشتمانیی سەرجەم پێکهاتەکانی لەسەر نەبێت، لە هەمان کاتدا نابێ چ لایەنی ئەمریکا یان (دۆستەکانی دیکەی گەلی سووریا) بەپیر داواکارییە حزبییەکانەوە بێن بەبێ ئیرادەی نیشتمانیی گەلی سووریا و بەرژەوەندییەکانی شۆڕشەکەی، هەروەکو دۆخی ئێستا کە پەیوەستە بە داواکارییەکەی پەیەدە بە دانانی ناوچەی دژەفڕین بۆ پاراستنی دامەزراوە حزبییەکانی، نەك بۆ داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کورد کە لەنێو خودی کوردو نێودەوڵەتییەوە دانیان پێدا نراوە، ئەو دەسەڵاتەی کە بە ئەمری واقیع دامەزراوە بێ کۆدەنگی کوردی و سازانی نیشتمانی هاتۆتەئاراوە، بەڵکو بە پشتیوانیی رژێمی سووریاو ئێران و سەرکردایەتییە سەربازییەکانی سەربە ئاپۆچییەکانی قەندیل سەپێنراوە.

بۆیە لەجیاتی هەڵوێستی ناڕوون و گوماناوی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر دەسەڵاتی پەیەدە و بڵاوکردنەوەی هێز بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حزبی و دیکتاتۆری کە دژی ئیرادەی کوردانی سووریا هاتۆتەئاراوە، چاکتر وا بوو فشار بخرایە سەر هاوپەیمانە تازەکەی کە بە نیازە وەك سووتەمەنی شەڕ لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانی سووریا بەکاری بهێنێت، لەپێناو بەدەنگەوەهاتنی ئیرادەی زۆرینەی کورد لە تێگەیشتن و ئاشتبوونەوەو بەدیهێنانی کۆدەنگیی نیشتمانیی کورد و پاراستنی کۆنگرەی نیشتمانیی کورد، کە لەوەتەی چەند ساڵێکە وەك پرۆژەیەك لەلایەن بزاڤەوە خراوەتەڕوو، لە هەموو بەشێکی خاکی نیشتمان کە زۆرینەی خەڵك لە بێلایەن و نیشتمانپەروەران و لاوان بانگەشەی بۆ دەکەن لەپێناو داڕشتنی بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی کە تەواوکەری بەرنامەی سیاسیی شۆڕش و ئۆپۆزسیۆنی هاوبەشانی عەرەبی سووریاو گشت پێکهاتەکانە.

پێشترو ئێستاشی لەگەڵدا بێت داواکاریی ناوچە ئارامەکانی هەموو یان چەند بەشێکی وڵات دروشمێکی نیشتمانیی دروستە لەپێناو پاراستنی شۆڕشگێڕان و نەیارانی رژێم و هاووڵاتیانی سڤیل و راگرتنی هێرشە ئاسمانییەکان و تۆپباران و فڕێدانی بەرمیلی باروتڕێژکراو، چ لەلای هێزەکانی رژێمەوە، یان لە هێزەکانی رووسیاو ئێرانەو تورکیاوە بێت، هەروەها دامەزراندنی ناوچەی ئارام لە دەوری سووریا و سنووری هاوبەشی لەگەڵ تورکیا و ئوردن و لوبنان و هەرێمی کوردستانی عێراق بۆتە پرسێکی گرنگ و پێویست کە دەبێ دۆستانی گەلی سووریاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتیی دروستکردنی لەئەستۆ بگرن.

لەهەمان سۆنگەوە رووسیا دەیەوێت لە رووی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی و بە ناوی (چوار ناوچە بۆ سووککردنی گرژی و راگرتنی هەڵکشانی شەڕوکوشتار) مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ناوچەی ئارام بکات، بۆیە دەبینین کە رەزامەندیی رژێمی ئەسەدیشی وەرگرتووە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ هەوڵی خوولانەوە لە دەوری بیرۆکە بنەڕەتییەکەی ناوچەی ئارام کە شۆڕشی سووریا لەوەتەی ساڵانی یەکەمییەوە لەئەستۆی گرتووە، هاوکات دەیەوێت واتا راستەقینەکەی لەبەین بەرێت کە لەبەرژەوەندیی هاووڵاتیانی سڤیلی سووریادایە لە ئاوارەو لێقەوماوان، هەروەها مەبەست رێکخستنی ژیانە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم و هاوپەیمانەکانی.

بەڵام تێگەیشتنمان بۆ سروشتی ناوچە ئارامەکان جیایە لەگەڵ تێڕوانینی لایەنەکانی دیکە لە دەوڵەت و گرووپەکان کە لە بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتی و ئامانجەکانی ئاسایشی خۆیانەوە لێی دەڕوانن، ئەو شتە هەروەك دەیبینین تەنیا پەیوەست نییە بە دژەفڕینی سەربازییەوە لەو ناوچانە بەدرێژایی هەزاران کیلۆمەتر و بەپانیی سەدان کیلۆمەتر لە قووڵایی سووریاوە، بەڵکو پەیوەستە بە بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی و پاراستنی خاکەوە، ئەویش بە

دوابەدوای گورزە ئاسمانییەکەی تورکیا لە بارەگاکانی پەیەدە بەر لە هەفتەیەک لە چیای قەرەچوغی ناوچەی دێریکی سەر سنووری سووریا لەگەڵ تورکیاو سووریاو لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرلەنوێ هەندێ دەنگ بەرز بووەوەو داوای ناوچەی دژەفڕین دەکەن

لەجیاتی هەڵوێستی ناڕوون و گوماناوی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر دەسەڵاتی پەیەدە و بڵاوکردنەوەی هێز بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حزبی و دیکتاتۆری کە دژی ئیرادەی کوردانی سووریا هاتۆتەئاراوە، چاکتر وا بوو فشار بخرایەتە سەر هاوپەیمانە تازەکەی کە بەنیازە وەک سووتەمەنیی شەڕ لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانی سووریا بەکاری بهێنێت

پێشمەرگەی (رۆژ) لە کوردانی سووریا کە لەئێستادا لە هەرێمی کوردستانن رۆڵی بەرچاویان دەبێ لە پاڵ شەڕڤانانی کوردی سووریای سەر بە پەیەدە لە بەرهەڵستیکردنی تیرۆر، بە زەمانەت و چاودێریی ئەمریکاو هەماهەنگیکردن لەگەڵ فەرماندەیی پێشمەرگەی کوردستان



دەرکردنی ئیدارەو دەزگاکان و هێزە داپڵۆسێنەرەکانی رژێم و سوپاو میلیشیاکان ئەگەر لەو ناوچانەدا هەبن، هەروەها بەتاڵکردنەوەی هەموو فەرمانێك کە لە دەسەڵاتی ئەمری واقیع و لە لایەنە حزبییەکانەوە دەرچووبێت، هاوکات گەڕاندنەوەی ئاوارە سورییەکان لە تورکیاو ئوردن و لوبنان و هەرێمی کوردستانی عێراقەوە بۆ ناوچەکانیان وەك قۆناخی یەکەم، دواتر لە ئەوروپاو دەوڵەتانی دیکەوە بە قۆناخی یەك لەدوای یەك و بەشێوەی ئارەزوومەندانە، ئەوجا هەڵبژاردنی ئیدارەی نوێی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ئارام و سەربەرزانە.

لەلایەکی دیکەوە ئاسایش و سەلامەتی لەو ناوچانە نایەتەدی مەگەر بە قەدەغەکردنی چەك و رێگەگرتن لە چەکداران و دیاریکردنی شوێن و سەربازگە تایبەتییەکانی شەڕڤانان لەپێناو رووبەڕووبوونەوەی داعش و هێزە تیرۆریستەکانی دیکە، ئەمەش بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بێگومان پێشمەرگەی (رۆژ) لە کوردانی سووریا کە لەئێستادا لە هەرێمی کوردستانن رۆڵی بەرچاویان دەبێ لەپاڵ شەڕڤانانی کوردی سووریای سەر بە پەیەدە لە بەرهەڵستیکردنی تیرۆر، بە زەمانەت و چاودێریی ئەمریکاو هەماهەنگیکردن لەگەڵ فەرماندەیی پێشمەرگەی کوردستان.

ناوچە ئارامەکانی سووریا بۆ پاراستنی چەند توێژو گرووپێك دەسەپێنرێن کە ناتوانن خۆیان بپارێزن، هەروەها بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش دەسەپێنرێن، هاوکات دەوڵەتێك یان دووان رادەسپێردرێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، دیسان مەبەست لەو ناوچانە دابینکردنی دەستتێوەردانی مرۆییە لەمیانی رێڕەوی ئارام بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل کە مافەکانیان پێشێلکراوەو رووبەڕووی مەترسیی زۆر دەبنەوە، ئەویش لەمیانی بڕیارێك کە لە ئەنجومەنی ئاسایش دەربچێت بەپێی چەند راسپاردەیەکی لیژنەی مافی مرۆڤ، نەتەوە یەکگرتووەکانیش پێشتر لە چەند وڵاتێك ئەم کارەی ئەنجام داوە.

**ناوچە ئارامەکانی سووریا بۆ پاراستنی چەند توێژو گرووپێك دەسەپێنرێن کە ناتوانن خۆیان بپارێزن، هەروەها بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش دەسەپێنرێن، هاوکات دەوڵەتێك، یان دووان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە رادەسپێردرێن**



هەندرێن محەمەد ساڵح

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستمان بەوە نییە پەرلەمان یاسامان بۆ دەربکات

**ئامادەین لە مانگی ئۆکتۆبەر بەدواوە پرۆسەی ریفراندۆم و هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدەین**

**خۆ ئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بۆتە پرسی رۆژ لەهەموو کوردستانداو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەت لەخۆئامادەکردندان بۆ ئەم پرسە، بەڵام لە هەمانکاتدا لایەنی سیاسیش هەیە بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ ئەم پرۆسەیە دروست بکات، پرسەکە گرێدەداتەوە بەکاراکردنەوەی پەرلەمانەوە، هەروەها پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستی بە کۆمەڵێك ئامادەکاری تەکنیکی و بودجە و رێوشوێنی پێویست هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت پرۆسەکە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان ئەنجام بدرێت، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی پرۆسەی ریفراندۆم و ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ هەندرێن محەمەد ساڵح سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دەگوترێت هەموو رێوشوێنە سیاسییەکان کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان بگیرێتەبەر، هەنگاوی جددی بۆ هەڵگیراوە و لیژنەیەکیش پێکهێنراوە بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر میکانیزمی ئەم پرۆسەیە رێکبکەون، کەواتە ئەوەی ئێستا ماوە خۆئامادەکردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستانە بۆ ئەوەی لە رووی بودجە و لایەنی تەکنیکییەوە ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات، ئایا لە رووی خۆئامادەکردنی تەکنیکییەوە بۆ ئەم پرۆسەیە چیتان کردووە؟**

- ئێمە وەکو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان لە سێ لایەنی دارایی و کارگێڕی و هونەرییەوە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، وەکو لایەنی دارایی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو یاخود بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم داوای بودجەیەکی خەمڵێنراومان کردبوو، کە نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلارەو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆمان دابینکراوە، لە رووی کارگێڕیشەوە سەرجەم ستافی ئۆرگانەکانمان بە کارمەندانی ئۆفیسی سەرەکی و شارەکانیشەوە هەر هەمووی دامەزراون و دەستبەکاربوون و ئامادەن، لەکۆتایی هەفتەی رابردووشدا بۆ لایەنی هونەری تیمێکمان نارده بەغدا بۆ هێنانی تۆمارنامەی دەنگدەران کە لەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقی فیدراڵە و هەر کەگەیشتە لامان راستەوخۆ دەست بەنوێکردنەوەی تۆمارنامەی دەنگدەران دەکەین، لەلایەکی ترەوە لە ئێستاوە سەرقاڵی دانانی سیستەمێکی پێشکەوتووین بۆ رۆژی دەنگدان تاوەکو دەنگەکان بەئاسانی و بەماوەیەکی کەم هەژمار بکرێت و بەزوویی دەرئەنجامی ریفراندۆمەکە رابگەیەنین.

*** بەپێی ئەو قسانەی گوێبیستی دەبین، دەبێت ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم پێش مانگی ١١ی ئەمساڵ ئەنجامبدرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە چەند مانگێك کات لەبەردەمی ئێوەیە، ئایا وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کەی دەتوانن ئەم پرۆسەیە ئەنجامبدەن؟**

- راستە کۆمسیۆنەکە تازەیەو هەندێك کارو خۆئامادەکردنمان پێویستە، بەڵام ئەگەر لە ئێستاوە ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەین ئەوا بەتەئکید لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ و سەرەتای مانگی ١٠ دەتوانین ریفراندۆم ئەنجام بدەین و هیچ کێشەی بودجەو تەکنیکی و کارگێڕیمان نابێت، چونکە بودجەو توانای کارگێڕی و تەکنیکیمان ئامادەیە، ئێستا چاوەڕوانین بە فەرمی بڕیار بدرێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئێمەش بەپێی یاسا پابەندین و ئامادەین جێبەجێی دەکەین و ئەو ٥ مانگەی لەبەردەستماندایە کاتێکی باشە بۆ جێبەجێکردنی هەموو کارەکانمان.

*** پسپۆڕان دەڵێن؛ یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لە «کوردستانی عێراق» (نەك هەرێمی کوردستان کە مەبەست پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی و دهۆك و هەڵەبجەیە)، بەم پێیەش واتە ئێوە دەسەڵاتتان هەیە کە لە هەموو کوردستانی عێراق هەڵبژاردن یان ریفراندۆم ئەنجامبدەن، ئایا ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان هەیە هەڵبژاردن، یان ریفراندۆم لەسەرجەم کوردستانی عێراق ئەنجام بدەن بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە؟ ئەگەر ئەم دەسەڵاتەتان هەیە ئایا بەرنامەتان بۆ ریفراندۆم لە هەموو کوردستانی عێراقە، یان هەر**

**نەک کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئیتحادی بگرە هیچ وڵات و رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و تەنانەت باڵیۆزخانەکانیش ئەو دەسەڵاتەیان نییە تانە لە ویست و خواست و ئیرادەی دەنگدانی گەلێک بگرن**

**کاتێک خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، ئەمە راستەوخۆ مانای ئەوەیە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نامێنێت و دەبێت هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەنجام بدەین**

**ژمارەی دەنگدەرانی کوردستان بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش واتا بە کەرکووک و موسڵیشەوە لەنێوان ٥ - ٦ ملیۆن دەنگدەر دەبێت کە مافی دەنگدانیان لە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە، لیستەکان کاریان لەسەر دەکرێت پاش تەواوبوونیان ژمارەی راستەقینەی دەنگدەران رادەگەیەنین**

**ئەم ریفراندۆمە بۆ دەستوور و پەسەندکردنی دەستوور نییە تاوەکو پەرلەمان بڕیاری بۆ بدات، بۆیە دەبێت لە دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانەوە ئەو بڕیارانە دەربچێت و ئێمەش وەکو کۆمسیۆن جێبەجێی دەکەین**

**تەنیا هەر پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە دەگرێتەوە؟**

-بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١٤ی کۆمسیۆنەکەمان کە تێیدا هاتووە: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە ئەنجامدان و رێکخستنی هەموو هەڵبژاردن و ریفراندۆمێك لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق بەهەموو ناوچەکانی کوردستانەوە کە لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە و کێشە لەسەرن، ئێمە چاوەڕوانی هاتنی ئەو بڕیارەین کە تێیدا ئەو سنوورە جوگرافیاییەی بۆمان دیاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، تێیدا چەند بڕگەیەکی یاسایی لە بڕیارەکەدا هەیە یەکێك لەو بڕگانە سنووری جوگرافیاکەیە کە دەبێت کاری لەسەر بکەین.

*** ئێوە وەك کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ، پەرلەمان یاسای بۆ دەرکردوون و بوونە لایەنێکی جێبەجێکار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان ریفراندۆم، ئایا ئەگەر حکومەت داواتان لێبکات هەڵبژاردن، یان ریفراندۆم ئەنجام بدەن، جارێکی دیکە پێویستان بەوەیە کە پەرلەمان یاساتان بۆ دەربکات، یان بە پشت بەستن بە یاسای خۆتان کارەکە ئەنجام دەدەن؟**

-نەخێر؛ پێویستمان بەوە نییە پەرلەمانی کوردستان هیچ یاسایەکمان بۆ دەربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان ریفراندۆم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەگوێرەی یاسای ١ی ساڵی ٢٠٠٩ کە لە پەرلەمان دەرچووەو ٨ جار هەموار و ئەپدێت کراوەتەوە، ئەوا ئێمەش وەك کۆمسیۆن پابەندین بەو یاسایەو هەڵبژاردن و ریفراندۆم بەپێی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەین. هەروەها مەرج نییە بۆ ئەمجۆرە ریفراندۆمانە بڕیار لەپەرلەمان دەربچێت، لەدنیاشدا هیچ بابەتێکی لەمجۆرە نییە، ئیتر بۆچی ریفراندۆم دوابخرێت؟ چونکە ئەم ریفراندۆمە بۆ دەستوور و پەسەندکردنی دەستوور نییە تاوەکو پەرلەمان بڕیاری بۆ بدات، بۆیە دەبێت لە دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانەوە ئەو بڕیارانە دەربچێت و ئێمەش وەکو کۆمسیۆن جێبەجێی دەکەین. لەلایەکی ترەوە ئەو ریفراندۆمەی ئێمە بڕیارە ئەنجامی بدەین، ریفراندۆمێکی ئیختیارییەو ریفراندۆم لەسەر دەستوور یا چەسپاندنی یاسایەك نییە، بۆیە پێویست ناکات هیچ یاسایەکی لەپەرلەمانەوە بۆ دەربکرێت، ئەم پرسە پێویستی بە بڕیاریکە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە، ئەوجا ئەم بڕیارە لەلایەن جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، یا هەر لایەنێکی تری دەسەڵاتی جێبەجێکارەوە بێت و داوابکات کە ریفراندۆم ئەنجام بدەین، ئەوا کۆمسیۆن راستەوخۆ ئامادەیە کارو ئیشەکان بکات و ریفراندۆمەکە ئەنجام بدرێت. لەهیچ وڵاتێکی دنیا نەبووە ریفراندۆمێکی ئارەزوومەندانە یاسای بۆ دەربکرێت، تەحەددای هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانە دەکەم کە دەڵێن دەبێت ریفراندۆمە ئیختیارییەکان یاسای لەپەرلەمان بۆ دەربکرێت با بێن نموونەیەکمان پێ بڵێن. کۆمسیۆنی باڵا، لە هەر سێ دەسەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکارو دادوەریی سەربەخۆیە، هەروەکو چۆن سەربەخۆیە لە بڕیاردان دوور لە حزبەکان و وەکو دامەزراوەیەکی سەربەخۆی پرۆڤیشناڵ کاردەکات و بەپێی یاسا دەسەڵاتی پێدراوە هەموو راپرسی و هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق ئەنجامبدات، بەو پێیەی پەرلەمان نوێنەری هەموو حزبەکان و لایەنەکانی تێدایە واتا کۆمسیۆنەکە رەزامەندی هەموولایەنە سیاسییەکان و نوێنەری نەتەوەو ئایین و ئایینزاکان و حزبەکانی لەسەر دروست بووە.

*** ئایا بۆ ئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە چ جۆرە هەماهەنگییەکتان لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق دەبێت و تاچەند گەشبینن بەوەی کە کۆمسیۆنی عێراق هاوکارتان بێت؟ هەروەها ئەگەر لە حاڵەتێکدا هاوکارتان نەبوو، ئایا ئەمە هیچ تانەیەك دەخاتە سەر ریفراندۆم و ئاکامەکەی؟**

- وەکو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێمی کوردستان پەیوەندی و هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق هەیە، رۆژی ٢ی ئایاری ئەمساڵ تیمێکی ئێمە لەبەغدا بووە بۆ هێنانی تۆمارنامەی دەنگدەران تاوەکو تۆمارنامەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانی لەسەر تازە بکەینەوە، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیشمان لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراق هەیە و پابەندن بە هاوکاریکردنی ئێمە و تا ئێستاش هیچ کێشەو گرفتێکمان لەگەڵ بەغدا لەو رووانەی لەگەڵیان باسمان کردووە نەبووە، نەك کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئیتحادی بگرە هیچ وڵات و رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و تەنانەت باڵیۆزخانەکانیش ئەو دەسەڵاتەیان نییە تانە لە ویست و خواست و ئیرادەی دەنگدانی گەلێك بگرن.

*** هەر بۆ ئەمساڵ بێگومان سەروەختی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، ئایا هاوکات لەگەڵ خۆئامادەکردن بۆ پرۆسەی ریفراندۆم، خۆشتان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی کوردستان**

**ئامادە کردووە؟ ئایا ئەگەر دواتان لێبکرێت ئەمساڵ دەتوانن هەڵبژاردنی کوردستانیش ئەنجام بدەن؟**

- ئەزموونمان هەیە لەیەك رۆژدا سێ هەڵبژاردنمان کردووە و دەتوانین هەردوو پرۆسەی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەیەك کاتدا ئەنجام بدەین، بەڵام پێم سەیرە ئەگەر ئێمە ریفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدەین، پێویستمان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بێت بۆ پەرلەمان کوردستان، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك خەڵکی کوردستان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، ئەمە راستەوخۆ مانای ئەوەیە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نامێنێت و دەبێت هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ئەنجام بدەین، بەو پێیەی لەدوای ریفراندۆم لەسەر سەربەخۆیی لەچوارچێوەی هەرێم دەردەچین و دەبینە دەوڵەت، بۆیە لە دوای ئەوەی ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت، ئیدی بەرەو دەوڵەت هەنگاو هەڵدەگرین و دەسەڵات دەکەوێتە دەستی دەوڵەتی کوردستان، لەم حاڵەتەشدا بەپێی یاسا ناگونجێت پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەبێت، لەم روانگەیەوە پێم باش نییە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدرێت، ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی زۆر گەورەو پیرۆزەو گەورەترە لەو پەرلەمانەی کە ئێستا هەیە کە پەرلەمانی هەرێمییە، دەوڵەت ئیرادەی خەڵکەو خەونی مێژوویی گەلی کوردستانە.

*** ئایا پەیوەندی نێوان کۆمسیۆن و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەچ ئاستێکدایە، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟**

- ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو رێکخراوەکانی UN و رێکخراوی ئەمەریکی SOD کە لەبواری پەرەپێدانی دیموکراتی کاردەکات، هەروەها لەگەڵ کونسوڵخانەکانی وڵاتانی بیانی پەیوەندیی باشمان هەیە، لە رێگەی گۆڤارەکەتانەوە رایدەگەیەنم کە هیچ رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و کونسوڵخانەو باڵیۆزی وڵاتانی بیانی لەمەسەلەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەدەخولیان نەکردووەو ئەمە بەمافێکی رەوای گەلی کوردستان دەزانن، لە ئەتەکێتی سیاسیشدا ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان نییە بڵێن ئێمە بەو ریفراندۆمە رازی نین، لەبەر ئەوەی ئەمە پرۆسەیەکی چارەنووسسازی نەتەوەیەکە، کاتێکیش پرۆسەکە ئەنجام دراو دەرئەنجام ١+٥٠٪ دەرچوو هەروەکو چۆن لەهەموو عورفی ریفراندۆمەکانی دنیا وایە راستەوخۆ دەبێت دامەزراوەکان دروست بکرێنەوە و بڕیاری سیاسی بۆ راگەیاندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی بدرێت، ئەو کات دەوڵەتە رادەگەیەندرێت و هەڵبژاردن بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی دەوڵەتی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لەو کاتەدا دامەزراوەکانیش بە پەرلەمانەوە دەبنە دامەزراوەو پەرلەمانی کۆماری کوردستان، یا دەوڵەتی کوردی یا هەر ناوێکی دیکە کە بۆی دادەنرێت. ئەو کات چەمکەکان لەبری هەرێم دەبێتە دەوڵەت.


*** ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە، ئایا دەنگدەر لەو رۆژەدا کارتە ئەلەکترۆنییەکە بەکار دەهێنێت؟ دەکرێت باسێکی میکانیزمی دەنگدانەکەمان بۆ بکەیت؟**

- کارتی ئەلەکترۆنی پرۆژەی ئێمە نییە و ئێمە بەکاری ناهێنین بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەش، ئەوە پرۆژەیەکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی ئیتحادییە، ئێمە بەپێی یاسا لیستی تۆمارکردنی دەنگدەرانمان هەیە و پوختی دەکەینەوەو لەبنکەکان دایدەنێین، رەنگە تەکنەلۆژیاش بەکار بهێنین بۆ ژماردنی دەنگەکان، تەنانەت ئەو دەنگانەی لەدەرەوەی وڵاتیشن هەموو هاووڵاتیەکی کوردستان مافی خۆی هەیە دەنگ بدات، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەی پەیوەندیەکانی کوردستان لە زۆربەی وڵاتان ئۆفیسی خۆی هەیە و دەکرێت لە رێگەی ئەم ئۆفیسانەوە سندوقی دەنگدانیان بۆ دابنرێت و هاووڵاتیان دەنگ بدەن، لەبەرنامەشماندایە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی دەنگدەرانی کوردستان بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش واتا بە کەرکووك و موسڵیشەوە لەنێوان ٥ - ٦ ملیۆن دەنگدەر دەبێت کە مافی دەنگدانیان لە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە، لیستەکان کاریان لەسەر دەکرێت پاش تەواوبوونیان ژمارەی راستەقینەی دەنگدەران رادەگەیەنین. وەکو سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە هەرێمی کوردستان ئومێدەوارم ئەم ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە بەهاوکاری و پاڵپشتی هەموو خەڵکی و هێزە سیاسییەکان و میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چین و توێژەکانی گەلەکەمان بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی بۆ گەیاندنی پەیامی ریفراندۆمەکە و هاندانی خەڵك بۆ جێبەجێکردنی گەورەترین دەستکەوت و هەنگاوی مێژوویی.

**بەگوێرەی یاسای ١ی ساڵی ٢٠٠٩ کە لە پەرلەمان دەرچووەو ٨ جار هەموار و ئەپدێت کراوەتەوە، ئەوا ئێمەش وەک کۆمسیۆن پابەندین بەو یاسایەو هەڵبژاردن و ریفراندۆم بەپێی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەین**

**ئەگەر لە ئێستاوە ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەین لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ و سەرەتای مانگی ١٠ دەتوانین ریفراندۆم ئەنجام بدەین و هیچ کێشەی بودجەو تەکنیکی و کارگێڕیمان نابێت**





# هەڵبژاردنەوەی سەرۆکایەتییەکی نوێ پەرلەمان کارا دەکاتەوە نەک عینادیی سیاسیی گۆڕان و ئامانجە شاراوەکانی



**«بزووتنەوەی گۆڕان لەو کاتەوەی دامەزراوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە بەشێوەیەکی پۆپۆلیستانە سیاسەت بکات و تەواوی دامەزراوەکانی کوردستان بخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە. ئەگەر بەراوردی سیاسەتی پۆپۆلیستانەی گۆڕان لەگەڵ هەموو حزبە پۆپۆلیستییەکانی جیهان بکەین، دەبینین ئاراستەی سیاسەتی هەموو پۆپۆلیستەکانی جیهان هەوڵدانە بۆ وەرچەرخان لە**

پەرلەمانی کوردستان بە فەرمانی راستەوخۆی نەوشیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ پەکخرا، ئەو رۆژەی کە یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی وەك سەرۆکی پەرلەمان رێز لە رێککەوتنی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی بگرێت و، ویستی بوونی شەڕی تیرۆریستانی داعش بە فرسەت وەربگرێت و تەلاری پەرلەمان لەدەزگایەکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بگۆڕێت بۆ مەکۆی سەرەکیی گۆڕان و کوردستان بخاتە دووڕیانی چارەنووسێکی نادیارەوە.

رۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٩، فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوت کە ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان و هەڵسووڕاوەکەیان کە سەرۆکی پەرلەمان بوو لە پێداگرتن و سووربوون لەسەر گرێدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان و پێشێلکردنی رێککەوتنی نێوان حزبە سیاسییەکان چی لە پشتەوەیە! هەر بۆیە زۆر جوامێرانە هەڵوێستی خۆیان پیشان داو لە کۆبوونەوەی پەرلەمان هاتنەدەرەوە و رێگەیان نەدا نیسابی یاسایی بۆ دانیشتنەکەی پەرلەمان دروست بێت و کودەتاکەی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەوتوو بێت، کە ئەنجامدانی بە یوسف محەمەد سپێردرابوو. هەر بۆیە دوای ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان گرێنەدرا، زۆر لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمان لە بەردەم مایك و شاشەی تیڤییەکاندا رایانگەیاند، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەرزەکارێکی سیاسی ناکرێت و نابێت چارەنووسی وڵاتێك بخرێتە بەردەستی هەرزەکارێکی سیاسی. ئەم بڕیارە هەڵەیەی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و جێبەجێکردنی لەلایەن یوسف محەمەدەوە، پەرلەمانی کردە لاشەیەکی بێگیان، خودی یوسف محەمەد کە لەماوەی ١٩ی ئاب – ١٢ی ئۆکتۆبەر لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەك خۆی مابووەوە، زۆر بە راشکاوانە گەیشتە ئەو حاڵەتە نەخوازراو و شەرمەزارییەی کە بڵێت: چیدیکە ناتوانرێت لە ناو تەلاری پەرلەماندا کۆبوونەوە لەسەر هیچ پرسێکی نیشتمانی بکرێت، بۆیە بە ناچاری دوای ١٩ی ئابی ٢٠١٥، بەرنامەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە قسەکردن لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسی و کودەتاکردن بەسەر سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، گۆڕدرا بۆ خویندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی پەرلەمان و پاشانیش موناقەشەکردنی.

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ی وەك شکست بۆ ئامانجە شاراوەکانی بزووتنەوەی

**زۆر لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمان لە بەردەم مایک و شاشەی تیڤییەکاندا رایانگەیاند، سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەرزەکارێکی سیاسی ناکرێت و نابێت چارەنووسی وڵاتێک بخرێتە بەردەستی هەرزەکارێکی سیاسی**

**بڕیاری هەڵەی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و جێبەجێکردنی لەلایەن یوسف محەمەدەوە، پەرلەمانی کردە لاشەیەکی بێگیان**

گلۆبالیزمەوە بەرەو ناشنالیزم، ئەمەش واتە دەرهێنانی شکۆ و پێگەی نەتەوە لەژێر چەتری جیهانگیریدا، بەڵام بۆ نەگبەتی کورد پۆپۆلیستییەکەی گۆڕان لە پۆپۆلیستی جیهان ناچێت و ئەو هەموو ئامانجی ئەوەیە ئەو هەلەی بۆ سەربەخۆیی هاتۆتەپێشەوە لەباری بەرێت و بمانگێڕێتەوە بۆ ژێردەستەیی و کۆیلایەتی و پاشکۆیەتی لە عێراقدا.»

گۆڕان لەقەڵەم نەدا، بەڵکو ئومێدی خواست کە ئەمە پەندێك بێت بۆ هەموو لایەك و هەوڵبدرێت هەڵەکانی پێشتر راست بکرێنەوە و کێشە چارەنووسسازەکان بە دیالۆگ و کۆدەنگیی نیشتمانی چارەسەر بکرێت، نەك بە هەوڵدانی لابەلا بۆ ئەنجامدانی کودەتای پەرلەمانی بە رێگەی زۆرینەو کەمینەی ناو پەرلەمان.

هەروەها مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، بێڕێزیکردنی بزووتنەوەی گۆڕانی بە رێککەوتنی حزبە سیاسییەکان وەك کارتێکی گوشار دژی بزووتنەوەی گۆڕان بەکار نەهێنا، بەڵکو درێژەی بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان دا، بۆ ئەوەی گۆڕانیش بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵبدات پرسە نیشتمانییەکان بە دیالۆگ و کودەنگیی نێوان حزبەکان چارەسەر بکرێت.

بەڵام لە بەرامبەردا بزووتنەوەی گۆڕان ئەم هەڵوێستەی فراکسیۆن و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەوجۆرە لێکدایەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر گوشارێکی گەورەیەداو هەر دەبێت کودەتاکەی بەشێوەیەکی دیکە درێژە پێبدات. هەر بۆیە لەو کاتەی کە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ شاندی چوار لایەنەکەی دیکە لە هۆتێلی شاری جوان لە کۆبوونەوەدا بوون، بزووتنەوەی گۆڕان خەڵکی ناردە سەر شوێنی کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر ناشارستانییانە و دوور لە داب و نەریتی کوردەواری و پەیوەندی نێوان حزبی سیاسی، شاندی پارتی بخاتە ژێر گوشارەوە و ناچاریان بکات، یان بە خواستە ناشەرعییەکانی گۆڕان رازی بن، یان کۆتایی بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بهێندرێت.

لە عورفی سیاسەت و دیپلۆماتیی نێوان لایەنەکان و تەنانەت نێوان دەوڵەتەکانیشدا، هەر کاتێك لایەنێکی سیاسی، یان دەوڵەتێك کۆتایی بە دیالۆگ و دانوستاندنی ئاشتییانە هێنا، ئەوا زانستی سیاسەت لەمێژە ئەو راستییەی ئاشکراکردووە کە ئەو لایەنە بەدوای ئامراز و هۆکاری دیکەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی درێژە بەو سیاسەتە نەخوزارەوە بدات کە بە رێگەی دیالۆگی ئاشتییانە بۆی نایەتەدی. زانایانی زانستی سیاسەت لەسەر ئەوە کۆکن، رێگەی دووەم دوای وازهێنان لە دانوستاندن و دیالۆگی ئاشتییانە، پەنابردنە بۆ شەڕکردن، یان دروستکردنی ئاڵۆزی و ئاژاوەگێڕی، بزووتنەوەی گۆڕان هەردوای کۆتاییهاتنی دوایین کۆبوونەوەی پینج قۆڵی لە هۆتێلی شاری جوان لە سلێمانی، شەڕی خۆی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچانەی کە پێی دەکرێت، راگەیاند، هاوکاتیش تیرۆریستانی داعش هێرشی سەربازیی خۆیان بۆسەر

**فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ی وەک شکست بۆ ئامانجە شاراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەقەڵەم نەدا، بەڵکو ئومێدی خواست کە ئەمە پەندێک بێت بۆ هەموو لایەک و هەوڵبدرێت هەڵەکانی پێشتر راست بکرێنەوە و کێشە چارەنووسسازەکان بە دیالۆگ و کۆدەنگیی نیشتمانی چارەسەر بکرێت، نەک بە هەوڵدانی لابەلا بۆ ئەنجامدانی کودەتای پەرلەمانی بە رێگەی زۆرینەو کەمینەی ناو پەرلەمان**

**مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێڕێزیکردنی بزووتنەوەی گۆڕانی بە ڕێککەوتنی حزبە سیاسییەکان وەک کارتێکی گوشار دژی بزووتنەوەی گۆڕان بەکار نەهێنا، بەڵکو درێژەی بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان دا، بۆ ئەوەی گۆڕانیش بەخۆیدا بچێتەوە و هەوڵبدات پرسە نیشتمانییەکان بە دیالۆگ و کودەنگیی نێوان حزبەکان چارەسەر بکرێت**

**لەو کاتەی کە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ شاندی چوار لایەنەکەی دیکە لە هۆتێلی شاری جوان لە کۆبوونەوەدا بوون، بزووتنەوەی گۆڕان خەڵکی ناردە سەر شوێنی کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر ناشارستانییانە و دوور لە داب و نەریتی کوردەواری و پەیوەندی نێوان حزبی سیاسی، شاندی پارتی بخاتە ژێر گوشارەوە و ناچاریان بکات، یان بە خواستە ناشەرعییەکانی گۆڕان ڕازی بن، یان کۆتایی بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بهێنن**

کوردستان دەست پێکرد، بەداخەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەوجۆرە بەراوردی لەنێوان ڕاگەیاندنی شەڕەکەی خۆی دژی پارتی و هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان کرد کە دەتوانێت زۆر بە باشی بە پارتی دیموکراتی کوردستان بڵێت، تۆ لەدوو بەرەوە و لەیەك کاتدا دوو شەڕی چارەنووسسازت پێ ناکرێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بەپشتگیری خەڵك و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زۆر جوامێرانە هەڵوێستی خۆی پیشاندا بەوەی تێکەڵی کێشە سیاسییەکانی کوردستان نابێت و ئەرکی ئەو پاراستنی سنووری کوردستانە لە تیرۆریستانی داعش، ئەوا هەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی خەونەکانی تیرۆریستانی داعش پووچەڵ بکاتەوە و هەمیش سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاشکاوانە وەڵامی بزووتنەوەی گۆڕانی دایەوە، بەوەی کاتێك ئێوە بەئاشکرا شەڕ دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕادەگەیەنن، ئەوا پارتی بیەوێت، یان نەیەوێت ناچارە پێتان بڵێت، ئەو ڕێککەوتنەی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەنێوانماندا هەبوو، کۆتایی هات و دەبێت بە میکانیزم و بیرکردنەوەیەکی تازە لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانیمان لە حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانیدا، دانوستاندن بکەینەوەو سەرلەنوێ بە نەخشەڕێگەیەکی تازە دەست پێبکەینەوە.

ئەو بارودۆخە نەخوازراوەی بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی ئەجیندایەکی تایبەتی خۆی لە کوردستان دروستی کرد، نەك هەر لای پارتی دیموکراتی کوردستان جێگەی قبووڵکردن نییە، بەڵکو تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەو چوار لایەنەشی لەگەڵ گۆڕان پرۆژەی هاوبەشیان هەبووە، ڕەتیدەکەنەوە و ڕەفتارەکانی یوسف محەمەد لە ڕۆژی ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بە هەڵەیەکی زۆر خراپ هەژمار دەکەن، هەر بۆیەش دوای ئەوەی پارتی بڕیاری دا سنوورێك بۆ شەڕ و ئاژاوەگێڕییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دابنێت، هیچ لایەنێکی سیاسی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە خۆیان لە پەرلەمان و حکومەت نەکێشاوەتەوە، لەبەرامبەردا بزووتنەوەی گۆڕان کە نایەوێت دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پارتی بەوە ڕازی بێت، بارودۆخەکە وەك ڕۆژانی پێش ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ لێبکاتەوە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ڕۆژانی پێش ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥، بزووتنەوەی گۆڕان پیلانی چۆنی بۆ تێکدانی کوردستان داڕشتبوو؟ ئایا بگەڕێینەوە بۆ بارەگا سووتاندن و کاولکردنی کوردستان؟ ئایا هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەوە ڕازی بن، بزووتنەوەی گۆڕان هەموو پەرلەمان بکاتە چەکێك و بۆ ئامانجە سیاسییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت؟ دیارە پێش هەموان بزووتنەوەی گۆڕان خۆیشی وەڵامی گونجاوی بۆ ئەم پرسیارانە پێ نییە، تەنانەت جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕانیش دەزانن، هەڵەیەکی هێندە گەورەیان کردووە، بە ئاسانی بۆیان پینە ناکرێت، نوێنەری هیچ دەوڵەتێکی جیهانیش پشتگیریان لێ ناکات، لەبەر ئەوەی ڕێگەنەدان بەوەی چیتر یوسف محەمەد سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بێت، وەك ڕێگرتن لە فیتنەو ئاژاوە سەیردەکەن و هەوڵەکانی بزووتنەوەی گۆڕان وەك کودەتا و دروستکردنی ئاژاوە لە کوردستاندا لەقەڵەم دەدەن.

**● پارتی پەنای بۆ بژاردەیەکی خراپ برد بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی پشتگیری لێ دەکرێت**

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ بڕیاری دا، ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگەنەدات یوسف محەمەد بگەڕێتەوە بۆ هەولێر و پەرلەمان بکات بە سەنگەرێکی دیکەی حزبەکەی بۆ تەواوکردنی کوتادەکەی دژی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: «ئێمە ناچار بووین پەنا بۆ بژاردەیەکی خراپ بەرین، بەڵام ترسی ئەوەمان هەبوو خراپتریش ڕووبدات.»

هەموومان ئەو ڕۆژەمان لەبەر چاوە کە ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چی بوو. بێگومان ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بەوجۆرە بیری کردبووەوە

کە پارتی کاردانەوەی توندی بەرامبەر بارەگا و مەکۆکانی گۆڕان لە شارەکانی هەولێر و دهۆك دەبێت و ئەو چۆن بارەگاکانی پارتی دەسووتێنێت، ئەوا پارتیش لە تۆڵەی بارەگاکانی خۆی، بارەگاکانی گۆڕان دەسووتێنێت، ئەم مەزندەیەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای (السن بالسن و العین بالعین) داڕێژدرابوو، بەڵام پارتی بە میتۆی مەهاتما گاندی وەڵامی دایەوە کە دەڵێت: «ئەگەر بەپێی (السن بالسن و العین بالعین) مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین، ئەوا هەموو گەلەکەمان دەبێت کوێر و کەم ئەندام بێت.» هەر بۆیە پارتی بڕیاری دا کە خۆی هەموو بارەگاو مەکۆکانی گۆڕان لە تووڕەیی خەڵك بپارێزێت، ئەمەشی بە بەرچاوی هەموو لایەك ئەنجام دا. لۆژیك و ئەزموونداری پارتی لە سیاسەت و ڕێزگرتنی فرەلایەنی لەو ئاستە بوو کە بتوانێت کۆنترۆڵی تووڕەیی جەماوەرەکەی خۆی بکات و ڕێگە نەدات ئەوەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان پیلانی بۆ داڕشتووە بە ئاسانی سەربگرێت. پارتی لەوە دڵنیابوو کە خاڵی بەهێزی پیلانەکەی گۆڕان لەوەدایە کە سەرتاسەری کوردستان ببێتە پاشاگەردانی و ئاژاوە، بۆیە کە سنوورێکی بۆ پاشاگەردانی و ئاژاوەی پیلانەکەی گۆڕان دانا، هەموو شتێك گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات و جارێکی دیکە هاوکێشەی هێز بۆ بەرژەوەندی ئارامی و سەقامگیریی کوردستان وەرچەرخایەوە.

ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان پیلانەکەی بەوجۆرە داڕشتبوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێت بە بەرچاوی زیاتر لە ٣٠ کونسوڵخانەی وڵاتانی جیهان و بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ و خاچی سووری نێودەوڵەتی، ئەو بڕیارە بدات، بەڵام ئەوەی ڕەچاو نەکردبوو کاتێك پیلان بۆ پاشاگەردانی و ئاژاوە لە کوردستاندا دادەڕێژدرێت، ئەوا تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگۆڕێت بۆ بەراوردکردن لە نێوان سەقامگیری و ئارامی لەگەڵ پاشاگەردانی و ئاژاوەدا، بۆیە ئەو چەکەی کە دانرابوو لە پیلانەکەی گۆڕاندا بۆ دروستکردنی ئاژاوە و پاشاگەردانی لە کوردستاندا بەکار بهێنرێت، بریتی بوون لە گۆڕینی بنەما و یاساکانی دیموکراتی و پێکەوەژیان بۆ چەکێك بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا سەرکەوتوو بن، بەڵام جێگەی خۆشحاڵییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەوە تێگەیشت کە بنەما و یاساکانی دیموکراتی چەکێك نین بۆ دروستکردنی ئاژاوەو پاشاگەردانی، بەڵکو ئامرازێکن بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر پیلانەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، بووە هاندەرێك بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەو چوار لایەنەی لەگەڵ گۆڕان لەسەرەتادا پرۆژەی هاوبەشیان هەبوو، هەڵوێستی خۆیان بۆ بەرژەوەندی ئاشتی و سەقامگیریی کوردستان بگۆڕن. تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕانیش لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی پێنەدرابوو هەڵسووڕاوەکەیان بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەڵام پەرلەمانتارەکانیان لەناو پەرلەماندا دەوامی ئاسایی خۆیان دەکردو ئازادانەش لە هەولێرەوە رای خۆیان بۆ هۆیەکانی راگەیاندن دەگواستەوە، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ گوشارێك ببنەوە، ئێستاش پەرلەمانتارەکانیان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دەوامی خۆیان دەکەن و هەر لەسەر خەرجی پەرلەمانی کوردستانیش سەردانی وڵاتانی جیهان دەکەن و هەرچی لەتواناشیاندایە دەیخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و واقیعی کوردستان ناشیرین بکەن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت، ئەمە مانای ئەوەیە هەتا بزووتنەوەی گۆڕان بارودۆخی نەگەیاندە ئەوەی پەرلەمان و هەموو بنەماو یاساکانی دیموکراتی لە کوردستاندا نەکاتە چەکێك بۆ سووتاندنی کوردستان، هیچ بڕیارێکی وەرنەگرتووە، بەو بڕیارەشەوە کە خۆی وەك بژارەیەکی خراپ ناوی دەبات.

دیارە لەدوای ١٢ی ئۆکتۆبەرەوە، وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیش، هەرچی خراپ و نەشیاوە بەرامبەر کوردستان و هێزی پێشمەرگەو سەربەخۆیی و ریفراندۆم دەیکات و چۆتە حاڵەتێکی هیستریای واوە کە هیچ حیسابێك بۆ مێژوو

**سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان راشکاوانە وەڵامی بزووتنەوەی گۆڕانی دایەوە، بەوەی کاتێک ئێوە بەئاشکرا شەڕ دژی پارتی دیموکراتی کوردستان رادەگەیەنن، ئەوا پارتی بیەوێت، یان نەیەوێت ناچارە پێتان بڵێت، ئەو ڕێککەوتنەی بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەنێوانماندا هەبوو، کۆتایی هات و دەبێت بە میکانیزم و بیرکردنەوەیەکی تازە لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانیمان لە حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانیدا، دانوستاندن بکەینەوەو سەرلەنوێ بە نەخشەڕێگەیەکی تازە دەست پێبکەینەوە**

**ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بەوجۆرە بیری کردبووەوە کە پارتی کاردانەوەی توندی بەرامبەر بارەگا و مەکۆکانی گۆڕان لە شارەکانی هەولێر و دهۆک دەبێت و ئەو چۆن بارەگاکانی پارتی دەسووتێنێت، ئەوا پارتیش لە تۆڵەی بارەگاکانی خۆی، بارەگاکانی گۆڕان دەسووتێنێت، ئەم مەزندەیەی ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای (السن بالسن و العین بالعین) داڕێژدرابوو، بەڵام پارتی بە میتۆی مەهاتما گاندی وەڵامی دایەوە کە دەڵێت: «ئەگەر بەپێی (السن بالسن و العین بالعین) مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین، ئەوا هەموو گەلەکەمان دەبێت کوێر و کەم ئەندام بێت**

**بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی پێنەدرابوو هەڵسووڕاوەکەیان بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، بەڵام پەرلەمانتارەکانیان لەناو پەرلەماندا دەوامی ئاسایی خۆیان دەکردو ئازادانەش لە هەولێرەوە رای خۆیان بۆ هۆیەکانی راگەیاندن دەگواستەوە، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ گوشارێک ببنەوە، ئێستاش پەرلەمانتارەکانیان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دەوامی خۆیان دەکەن و هەر لەسەر خەرجی پەرلەمانی کوردستانیش سەردانی وڵاتانی جیهان دەکەن و هەرچی لەتواناشیاندایە دەیخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و واقیعی کوردستان ناشیرین بکەن و کەسیش لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت**

**ئایا پەرلەمان سەکۆیەکە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بۆچوونە جیاوازەکان، یان سەکۆیەکە بۆ شەڕەدەنووکی حزبایەتی و لێکترازانی نێوماڵی کورد؟**

و رای نەوەکانی داهاتوو دانانێت، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە بەشی هەرە زۆری حزبە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانیش لە ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە تێگەیشتوون و دەزانن بۆ چ مەبەستێك ئەو کارانە دەکات و بەتەنیا و یەك باڵ هێشتوویانەتەوە، بۆیە گۆڕان لەو بەرواره بەدواوە نەیتوانیوە ئەوەی دەیەوێت جێبەجێی بکات، لەبەرامبەریشدا سەقامگیرییەکی تەواوی ئاسایش و سەربازی و سەقامگیرییەکی ڕێژەیی سیاسیش لە کوردستاندا هاتۆتەئاراوە، رۆژ لەدوای رۆژیش سەردانی سەرۆك و شاندی وەزیرانی دەوڵەتانی جیهان -بە دەوڵەتانی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش-یشەوە بۆ کوردستان زیاتر دەبێت و زیاتر ڕێز لە کوردستان دەگیردرێت.
وێڕای ئەم وەرچەرخانەش کە لەدوای بڕیارەکەی ئۆکتۆبەر هاتۆتەئاراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، کارانەکردنی پەرلەمان بەشێوەی ئاسایی خۆی بە کەموکورتییەکی گەورە دەزانێت و هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە لەوە تێبگات ئایا بزووتنەوەی گۆڕان چ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە و ناتوانرێت چارەسەر بکرێت؟ پارتی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا وێڵە، ئایا یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، سیاسەتی حزبەکەی جێبەجێ کردووە، یان ئەو هەڵانەی کردوویەتی ڕەنگدانەوەی مەزاجی کەسیی خۆیەتی؟ پارتی دەیەوێت بزانێت کاتێك یوسف محەمەد ئەو ڕێککەوتنە ژێرپێ دەخات کە ئەندامانی جڤاتی حزبەکەی ئیمزایان لەسەر کردووە، ئایا یوسف محەمەد ئەو دەسەڵاتەی هەیە، یان نە، یان بۆچی حزبەکەی لەسەر ئەو کارەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکات؟ بە دیوێکی دیکەدا پارتی دەپرسێت: ئایا مانای ڕێککەوتن و هاوپەیمانی لەگەڵ حزبێك بەناوی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چوار ساڵی ئارامی لەکوردستاندا ئەوەیە لە پاڵ هاوپەیمانی، پیلان بۆ کودەتای زۆرینەو کەمینەی پەرلەمانی دابڕێژێت و لەسەر پرسە نیشتمانییەکان پشت لە کۆدەنگیی نیشتمانی بکات؟ پارتی دەپرسێت: ئایا پەرلەمان سەکۆیەکە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و بۆچوونە جیاوازەکان، یان سەکۆیەکە بۆ شەڕەدەنووکی حزبایەتی و لێکترازانی نێوماڵی کورد؟ لەوەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەدا هەتا ئێستاش پارتی چاوەڕێیە گوێی لە وەڵامێکی ئەرێنییانەی بزووتنەوەی گۆڕان بێت و پێکەوە دانوستاندنی جددی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو چەقبەستووییە بشکێندرێت و گرێکوێرەی کێشەکان بکرێنەوە، بەڵام جێگەی داخە و هەموو کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانن، کە بزووتنەوەی گۆڕان هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارانەی نە بۆ پارتی و نە بۆ خەڵکی کوردستان پێ نییە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کێشەی تازە دروست بکات بۆ ئەوەی سەقامگیریی کوردستان بشێوێنێت و شکستە سیاسییەکەی خۆی پێ بشارێتەوە.
لێرەدا گرنگە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو بڕوبیانووانە بکەینەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت هەڵەکانی خۆی پێ پەردەپۆش بکات.
بیانووی هەرە گرنگ کە بەردەوام دەیڵێتەوە ئەوەیە کە ئەوان وەك بزووتنەوەی گۆڕان کێشەی سیستمی سیاسییان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، راشکاوانەتر دەڵێن ئێمە دەمانەوێت سیستمی وڵات پەرلەمانی بێت و پارتی دەیەوێت سەرۆکایەتی بێت. ئەم بیانووە، جیالەوەی هیچ حزبێکی سیاسی ئەو مافەی نییە جۆری سیستمی سیاسی بۆ وڵات فەرز بکات، لەبەر ئەوەی تەنیا گەلی کوردستان ئەو مافەی هەیە چ سیستمێکی سیاسی فەرز دەکات، بەڵام بەپێی ئەو ڕەشنووسی دەستوورەی کوردستان کە لەساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمان پەسەندی کردووە و تەنیا هێندەی مابوو بخرێتە ریفراندۆمەوە، سیستمی سیاسیی کوردستان وەك سیستمێکی پەرلەمانی داڕێژدراوە، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو دەستوورەی پەسەند کردووە و پشتگیری لێدەکات، دوای ئەمەش هەر لەسەر پێداگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو دەستووره نەك هەر گەڕاندراوەتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستان بەوە رازی بووە دەستوورێکی تازە بۆ کوردستان بنووسرێتەوە و ئەوکات نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسییەکان و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان کە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور دەبن، بەچ سیستمێك رازی دەبن،

پارتی دیموکراتی کوردستان پێی پابەند دەبێت، لەمەش زیاتر پارتی لەمیانەی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکانیشدا، بە هیچ شێوەیەك پێشنیاری گۆڕینی سیستمی رەتنەکردۆتەوە و پێشنیاری ئەوەی کردووە، لەنێوان هەردوو بۆچوونەکە کە یەکەمیان داوا دەکات سیستمەکە پەرلەمانی بێت و سەرۆك لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، هەروەها دووەمیان داوا دەکات سیستمەکە هەر پەرلەمانی بێت و سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، با رێز لەهەردوو بۆچوونەکە بگیردرێت و ئەم پرسە بخرێتە بەردەم گەلی کوردستان و ئیرادەی گەل دەنگی بۆ هەر کامیان دا، پارتی پێوەی پابەند دەبێت. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا چ جیاوازییەك لەنێوان بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان هەیە؟ با خوێنەران بۆ خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

**● تێکەڵکردنی پرسی ریفراندۆم و کاراکردنەوەی پەرلەمان گەمەیەکی دیکەی ترسناك و پیلانێکی تازەی بزووتنەوەی گۆڕانە**

بزووتنەوەی گۆڕان ئەمجارەشیان دەیەوێت پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بکاتە چەکێکی دیکە بۆ لەباربردنی ئەو خەونە و بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە شاراوەکانی خۆی، ئەگەر ئامانجەکە ئەمە نییە، ئایا کێ رێگرە لەوەی پەرلەمانی کوردستان کارا بکرێتەوە؟

ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان ئامانجی کاراکردنەوەی پەرلەمان بوایە، بۆ ئەوەی ئەم دەزگا شەرعی و نیشتمانییەی کوردستان ئەوا پشتگوێ نەخرێت و نەکرێتە قوربانیی مەرامێکی حزبی کە هیچ کەسێك نازانێت لەژێر پەردەی ئەو مەرامە حزبییەوە چ شتێکی دیکە هەیە، بەربەستی جۆراوجۆری بۆ دروست نەدەکرد.

ئەگەر پرسی پەکخستنی پەرلەمان لە رووەوە سیاسییەکەیەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین بەوەی ئەم پرسە پێویستی بەوەیە جارێکی دیکە بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە شێواز و چۆنیەتی کارکردنی پەرلەمان تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست ببێتەوە و پاشانیش تەواوی حزبەکانی کوردستان بەشداری بکەن، بۆ ئەوەی ئەو تێگەیشتنە هاوبەشە جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبوو بزووتنەوەی گۆڕان دەرگای دیالۆگ و دانوستاندن دانەخات و هەموو هەوڵەکان بۆ رێککەوتنی نێوان خۆی و پارتی و تەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان پەك بخات، بۆیە لەم لایەنەوە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات کە کێشەی سیاسی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، ئەگەر نییەتی ئەوەی هەیە ئەو کێشە سیاسییە چارەسەر بکرێت، ئەوا تەنیا رێگە دیالۆگ و دانوستاندن و لەیەکتری تێگەیشتنە، خۆ ئەگەر تێگەیشتنیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوە بێت لایەنی بەرامبەر ئەوجا پارتی بێت یان هەر لایەنێکی دیکەی سیاسی، دەبێت ملکەچی مەرجە سەپێندراوەکانی ئەوان بن، ئەوا ئەمە کارێکە نەك هەر پارتی، بەڵکو هیچ حزبێکی سیاسی قبووڵی ناکات. لەمەش زیاتر سووربوون و عینادیکردن لەسەر ئەم جۆرە سیاسەتکردنە لە بنەڕەتدا یاریکردنە بە سۆز و هەستی خەڵکی کوردستان و تەنیا زیادکردنی ئازار و نەهامەتییەکانیانی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر لە رووە یاساییەکەشیەوە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان بەوە رازی بێت کە پەرلەمان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بکات و پاشان دەستەیەکی سەرۆکایەتی کاتی بۆخۆی دەستنیشان بکات و دواتریش بە دەنگدانی پەرلەمانتاران سەرۆکایەتییەکی نوێ بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێتەوە و بەشێوەیەکی یاسایی ئەم پرسە چارەسەر بکرێت. سەبارەت بە چارەسەرکردنی سیاسی و یاسایی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەباشی خۆی پیشانداوە، بەڵام ئەوەی رێگرە لەبەردەم کاراکردنەوەی پەرلەماندا تەنیا و تەنیا بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەوجا هەتا ئێستا ئاشکرا نییە بۆچی بزووتنەوەی گۆڕان هەردوو چارەسەری یاسایی و سیاسی و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە رەتدەکاتەوە.

لە ئێستادا کە هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم گەیشتۆتە ئەوەی کە کات و وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دەستنیشان بکرێت، جارێکی دیکە ئەم حزبە ئەنجامدانی

> **هەموو کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانن، کە بزووتنەوەی گۆڕان هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارانەی نە بۆ پارتی و نە بۆ خەڵکی کوردستان پێ نییە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کێشەی تازە دروست بکات بۆ ئەوەی سەقامگیریی کوردستان بشێوێنێت و شکستە سیاسییەکەی خۆی پێ بشارێتەوە**

> **بزووتنەوەی گۆڕان بەو هەڵوێستە سیاسییە سەیرانەی لەمیانەی پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوەکانیەوە پیشانی خەڵکی کوردستانی دەدات، هێڵێکی جیاکراوەی لە نێوان خۆی و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروستکردووە**

ئەم پرۆسەیەی گرێداوەتەوە بە کاراکردنەوەی پەرلەمانەوە، ئەمە لە حاڵەتێکدایە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە راستی ئامانجی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بوایە، ئەوا دەرگاکان بەو شێوەیە بە رووی کاراکردنەوەی پەرلەماندا دانەخراون کە نەتوانرێت پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بەڵام کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان هەموو رێگەکان لەپێناوی عینادیی سیاسیی خۆی و شاردنەوەی هەڵەکانی خۆی دەگەیەنێتە بنبەست، ئەوا ئیدی مانای ئەوەیە گۆڕان مەبەستێتی پرۆسەی ریفراندۆمیش بکاتە ئەو چەکەی مەرامە سیاسییەکانی خۆی پێ تەواو بکات.

لێرەوە گرنگە لەسەر گۆڕینی پرۆسەی ریفراندۆم لەلایەن گۆڕانەوە بۆ چەکێك بەمەبەستی شەڕکردن لەگەڵ ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا، هەڵوێست و قسەی جددی بکرێت، بۆیە پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان لە کاراکردنەوەی پەرلەمان ئەوەیە کە پەرلەمان ببێتە هێزێك بۆ پشتگیری ریفراندۆمەکە، یان دووبارە پەرلەمان بکرێتەوە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی ریفراندۆمدا؟ بۆ ئەمەش تەنیا هەڵوێستێك کە خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دڵنیا بکاتەوە، ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بە راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێت، ئایا پەشیمانە لەو شێوازەی کاری پەرلەمانتاری لە کوردستاندا کە یوسف محەمەدی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەکەی بە کوردستانی کرد؟ بێگومان ئەگەر ئەوە بە هەڵە بزانێت و رای بگەیەنێت، ئەمەیان دەرگایەکی دیکە بۆ لێکتێگەیشتن دەکاتەوە، بەڵام سووربوون لەسەر عینادی و سەپاندنی مەرج، راشکاوانە ئەوەمان بۆ دووبارە دەکاتەوە، کە ئەسڵەن پێداگرتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان بەو شێوەی ئەو داوای دەکات، ئەمەیان هەموو خەڵکی کوردستان ئاکامەکەی دەزانێت چی دەبێت، ئەویش ئاستەنگ دروستکردن دەبێت بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەکوردستاندا.

بزووتنەوەی گۆڕان بەو هەڵوێستە سیاسییە سەیرانەی لەمیانەی پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوەکانیەوە پیشانی خەڵکی کوردستانی دەدات، هێڵێکی جیاکراوەی لە نێوان خۆی و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروستکردووە، هەر بۆ نموونە شاندی هاوبەشی کوردستان (پارتی، یەکێتی و یەکگرتوو) هەروەها شاندی هاوبەشی ( پارتی و یەکێتی ) کە دەچنە بەغدا، یان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعە و سوننە قسە دەکەن، باس لەوە دەکەن کە پێویستە پەیوەندی نێوان کوردستان و عێراق لە فیدراڵییەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندی نێوان دوو دراوسێی باش، بەڵام پەرلەمانتار و هەڵسووڕاوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بە ئاشکرا لەگەڵ حکومەت و پەرلەمانی عێراق و حزب و لایەنە سیاسییەکانی شیعە و سوننە باس لەوە دەکەن چۆن سلێمانی بکەنەوە بە پارێزگایەکی عێراقی، لەمەش سەیرتر دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەفەرمی بڕیاری دا ئاڵای کوردستان لەو شارە هەڵبکرێت و دەبێت کەرکووکیش بەشداری لە ریفراندۆمی داهاتووی کوردستان بکات، کەچی دوور لەهەموو هەست و سۆزێکی کوردانەو نیشتمانپەروارانە، بەشێك لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان باس لە بە هەرێمکردنی کەرکووك و سلێمانی دەکەن و دژایەتی خۆیان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان نەك هەر تەنیا لەناو هۆیەکانی راگەیاندنی کوردستان، بەڵکو لە هۆیەکانی راگەیاندنی عێراق و ناوچەکەش دەربڕیوە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەکرێت سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە بسپێردرێتەوە بە هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە، لەمەش زیاتر هەموو کاری ئەوە بێت، رووی کوردستان ناشیرین بکات و گومان لەسەر قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە دروست بکات و وەك پیاوێکی خۆفرۆش بچێتە ئەم وڵات و ئەو وڵات بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی دۆستی کوردستانن و هاوکاریی پێشمەرگە دەکەن، ئەو هاوکارییانە ببڕێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لاواز بێت؟!

لە خوێندنەوەی کۆی گشتی بارودۆخی ئێستای کوردستان و هەڵوێستی جیاواز و عەنتیکەی بزووتنەوەی گۆڕان لەتەواوی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر پرسی ریفراندۆم

**دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەفەرمی بڕیاری دا ئاڵای کوردستان لەو شارە هەڵبکرێت و دەبێت کەرکووکیش بەشداری لە ریفراندۆمی داهاتووی کوردستان بکات، کەچی دوور لەهەموو هەست و سۆزێکی کوردانەو نیشتمانپەروارانە، بەشێک لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان باس لە بە هەرێمکردنی کەرکووک و سلێمانی دەکەن و دژایەتی خۆیان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان نەک هەر تەنیا لەناو هۆیەکانی راگەیاندنی کوردستان، بەڵکو لە هۆیەکانی راگەیاندنی عێراق و ناوچەکەش دەربڕیوە**

**ئایا دەکرێت سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە بسپێردرێتەوە بە هەڵسووڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان نییە، لەمەش زیاتر هەموو کاری ئەوە بێت، رووی کوردستان ناشیرین بکات و گومان لەسەر قارەمانییەتی هێزی پێشمەرگە دروست بکات و وەک پیاوێکی خۆفرۆش بچێتە ئەم وڵات و ئەو وڵات بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی دۆستی کوردستانن و هاوکاریی پێشمەرگە دەکەن، ئەو هاوکارییانە ببڕێت و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لاواز بێت؟!**




و سەربەخۆیی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بزووتنەوەی گۆڕان لە قۆناخی یەکەمدا بۆ ئەوەی کارەسات بەسەر کوردستاندا بهێنێت شکستی خواردو سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە ئێستا دەیەوێت بە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی ریفراندۆم وەك چەکێکی دیکە بۆ درێژەپێدانەوەی هەمان سیاسەتی هەڵەی رابردووی، جارێکی دیکە خۆی بخاتەوە ناو پرۆسە سیاسییەکە و سەرلەنوێ ئارامی و سەقامگیریی کوردستان تێکبداتەوە.

ئەم جۆرە سیاسەتکردنەی بزووتنەوەی گۆڕان، لاساییکردنەوەیەکی سەقەتی سیاسەتی پۆپۆلیستانەی ئێستای جیهانە، لە هەموو جیهاندا پۆپۆلیستەکان ئاراستەی سیاسەتیان گەڕانەوەیە لە گلۆبالیزمەوە بۆ ناشنالیزم، ئەمەش واتە گەڕانەوە بۆ شکۆ و هەیبەتی نەتەوەیی، بەڵام بۆ نەگبەتی کوردو کوردستان پۆپۆلیستەکەی کوردستان لە پۆپۆلیستی نەتەوەکانی دیکەی جیهان ناچێت و زۆر بێ شەرمانە ئاراستەی سیاسەتیان بۆ ئەوەیە هەلێك بۆ سەربەخۆیی هاتۆتەپێشەوە، بمانگێڕنەوە بۆ کۆیلایەتی و ژێردەستەیی، ئەمەش ئەو گەمە ترسناکەیە کە مەزندەکان هەموویان بۆ ئەوە دەچن پیلانێکی داڕێژراوی ناوخۆیی و ئیقلیمی لە پشتەوە بێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی ئاستەنگی گەورەی لەبەردەمدا دروست بکرێت.



سیاسەتمەدار سەلاحەدین گوین بۆ گوڵان:

# پەکەکە بە ئاشکرا دژی دەوڵەتی کوردستانە و بانگەشە بۆ کۆنفیدراڵیزمی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات

**مانەوەی پەکەکە لە دەڤەری شنگال هۆکارێکە بۆ دروستبوونی کێشەیەکی گەورە بۆ کوردانی ئێزیدی و تەواوی باشووری کوردستان**

**سەڵاحەدین قاسم عەلی ناسراو بە سەڵاحەددین گوین سیاسەتمەدارو ئەندامی پێشووی پەکەکەو خەڵکی شرناخە لەباکووری کوردستان و لەساڵی ١٩٨٤ چووەتە ریزی پەکەکە، بە ئامانجی سەربەخۆیی بۆ کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ریزی پەکەکە خەباتی کردووە، بەڵام کاتێك پەکەکە وازی لە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان هێناوە و بانگەشە بۆ فیدراسیۆنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرگری لە یەکپارچەیی عێراق و سووریا دەکات، ئەوا ئەویش ریزەکانی پەکەکەی بەجێهشتووە و وەك سیاسەتمەدارێکی سەربەخۆ خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەرخانکردووە. بۆ قسەکردن لەسەر سیاسەتی ئێستای پەکەکە و چڕکردنەوەی هەوڵەکانی بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، گوڵان لە سەردانێکی بۆ لای سەڵاحەدین قاسم لە نزیکەوە ئەم پرسانەی لەگەڵ تاوتوێ کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە پەیوەندی بەو ئامانج و ستراتیژیەتەوە کە لە ئێستادا پەکەکە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە لە ئێستادا پەکەکە خەبات لە پێناوی چیدا دەکات و دەیەوێت چ دەستکەوتێك بەدەست بهێنێت؟**

- پەکەکە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کاری دەکرد، نەك هەر تەنیا بۆ باکووری کوردستان، بەڵکو بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان، واتە بانگەشەی بۆ رزگارکردنی هەر چوار پارچەکەی کوردستان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە و سەربەخۆ دەکرد. هەر ئەمەش هۆکاری پەیوەندیکردنی ئێمە بوو بە ریزەکانی پەکەکەوە. چونکە ئەگەر لەبەر ئەم ئامانجە نەبووایە نە ئێمە و نە کەسانی دیکە نەدەچووینە نێو پەکەکەوە. بەڵام پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان ستراتیژیەتی سەربەخۆیی گۆڕا بۆ ستراتیژیەتی کارکردن بۆ کۆماری تورکیای دیموکراتی. بە چەشنێك ئێستا پەکەکە بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان نییە، تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش پاڵپشتی لێبکات.

*** وەکو ئاماژەت پێدا پەکەکە کاتێك وەك حزبێکی سیاسی خۆی راگەیاند، داوای دەوڵەتی کوردستانی گەورەی دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا دەوڵەت چارەسەری کێشەی کورد دەکات و کۆتایی بە چەوساندنەوە دێت، بەڵام ئێستا پەکەکە هەر خۆی دژی دەوڵەتی کوردستانەو بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە نابێت باس لە دەوڵەت بکرێت، ئایا پاشەکشەی پەکەکە لەدەوڵەت لەسەر چ بنەمایەکە؟**

- هۆکارەکە بۆ گۆڕانی تێڕوانینی عەبدوڵا ئۆجەلان دەگەڕێتەوە، ئەو خوازیار بوو لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمییەکاندا پەرە بە چارەسەرێك بدرێت، ئێ باشە ئەگەر وابێت، ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەوڵەتە ئیقلیمییەکاندا ئەم چارەسەرە بێتەئاراوە. بەڵام ئەم چارەسەرە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد لەخۆ ناگرێت و، لە چەند مافێکی کەلتووری و زمانی تێناپەڕێت، چونکە ئەو دەوڵەتانە نە کوردستانی سەربەخۆ قبووڵ دەکەن، نە کوردیش وەك میللەت قبووڵ دەکەن. کە من پێموانییە هیچ کوردێك و بگرە هیچ ئەندامێکی پەکەکەش ئەمەی پێ ئیستیعاب ناکرێت، چونکە هەر کوردێك لە دەستپێکردن بە خەبات و شۆڕشدا، سەربەخۆیی کوردستانی لە هزر و خەیاڵدا بووە. بەڵام جێی داخە، رێبەرایەتی پەکەکە ئێستا بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا دەڕۆن و باوەڕێکی جیاوازیان هەیە. واتە ئەوان پێیانوایە کە هەل و مەرجی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و نێوخۆیی کوردستانیش نەگونجاوە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، واتە ئەوان رایدەگەیەنن کە دوای ساڵانێك شەڕ و خەبات لە پێناوی سەربەخۆییدا نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بەدی

**پەکەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مێژووی خەباتکردن بە دروستبوونی ئەوان دەستی پێکردووە و دەبێت تەنیا ئاڵای ئەوان بەرز بکرێتەوە**

**لەکوردستان دوو رێباز، یا دوو هێڵ و ئایدیۆلۆژیا هەن، یەکێکیان ئایدیۆلۆژیای پەکەکەیە و ئەوی تر رێبازی بارزانیی نەمرە، ئەم رێبازەش لەهەر چوار پارچەی کوردستان ئەندام و لایەنگری هەیە، لەبەر ئەوە پەکەکە پێیوایە ئەگەر رێبازی بارزانی لەناو نەچێت، ئەوا ناتوانێت لە کوردستاندا حاکم و حوکمڕان بێت**

بهێنن، ئێستا دەبێت تێڕوانین و سیاسەتی خۆیان بگۆڕن و پێیانوایە دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیای دیموکراتیدا کێشەی کورد بێتەچارەسەرکردن، واتە ئەوان باوەڕیان وایە بە دیموکراتیبوونی تورکیا هەلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دێتەئاراوەو دەڵێن لە ئێستادا شەڕکردن لە پێناوی هێنانەدی سەربەخۆیی کارێکی مومکین نییە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە رابردوودا باس لە حوکمی زاتی دەکرا بۆ کورد، ئەوان بە گاڵتەجارییەوە لەم مەسەلەیەیان دەڕوانی، کەچی ئێستا ئەوان تەنانەت حوکمی زاتیش ناخوازن و تەنیا داواکارییەکەیان لەوەدا کورت کردۆتەوە کە دەبێت تورکیا دیموکراسی بێت، ئیدی کێشەی کورد چارەسەر دەبێت، واتە تەنانەت دەستبەرداری حوکمی زاتیش بوون. لەبەر ئەوە تێڕوانینی پەکەکە لە ئێستادا ئەوەیە با لە چوارچێوەی تورکیایەکی دیموکراتی و عێراقێکی دیموکراتی کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، هەمان شت بۆ ئێران و سووریاش، هەر لەبەر ئەوەشە لە ئێستادا دەبینین کە لە رۆژئاوادا لەبەر ئەوەی خەتی سیاسی پەیەدە لە پەکەکەوە نزیکە، ئەوا دەستی دایە دروستکردنی کانتۆن و راگەیاندنی فیدراسیۆنی باکووری سووریا، ئێوە بڕوانن تەنانەت ئەوان ناڵێن فیدراسیۆنی رۆژئاواش.

**له ئێستادا خواست و تێڕوانینەکانی پەکەکە لەگەڵ ئێراندا یەکی گرتۆتەوە کە هەردوولایان نایانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دروست بێت**

*** ئێستا پەکەکە لە شنگال خۆی کردووە بە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئایندەی ئەو ناوچەیە و دەیەوێت بیانوویەك بداتە دەست تورکیا بۆ ئەوەی دەستتێوەردان بکات و لەشکرکێشی بکات بۆ ناو کوردستان، ئایا پەکەکە بۆ رووناکاتەوە باکوور خەبات لەوێ بکات، بۆچی دەبێت رێگر بێت لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال و رێگرتن لە گەڕانەوەی برایانی ئێزیدی بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- لە راستیدا ناکرێت پەکەکە بێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو دەسەڵاتدارە لەو دەڤەرە و رێگە نەدات هیچ پارت و لایەنێك و بگرە پێشمەرگەش دەسەڵاتی هەبێت لەو ناوچەیە، ئەمە کارێکی هەڵەیە. راستە لە کاتی هێرشی داعشدا بۆ ئەو ناوچەیە، پەکەکە رۆڵی هەبوو، کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، بەڵام ئەو رۆڵە مەزنەی نەبوو کە خۆی بە باڵای خۆیدا دایدەبڕێت، ئەمەش ئەرکی هەر کوردێکیشە کە بتوانێت هاوکاری برا کوردەکانی بکات لە هەر جێیەك کە دوچاری تەنگوچەڵەمە ببنەوە، بەڵام ئەگەر ماڵی دراوسێکەت گڕبگرێت و هاوکار بیت لە کوژاندنەوەی، ئایا ئەمە رەوایەتیت پێدەدات بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو ماڵە بکەیت؟ لەبەر ئەوە دەبوو کاروبارەکان و ناوچەکەی بدایەتەوە دەستی دەسەڵاتدار و حوکمڕانی ئەو ناوچەیە. دواتر تەنانەت ئەگەر هەرێمی کوردستانیش بوونی پەکەکە لەوێدا قبووڵ بکات، ئەوا لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی قبووڵ ناکرێت، لەبەر ئەوە پێموایە مانەوەی پەکەکە لە شنگال مایەی کێشەیەکی گەورەیە بۆ کوردی باشوور و بۆ خودی ئێزیدییەکان. بۆ نموونە، مانەوەی ئاستەنگە لەبەردەم گەڕاندنەوەی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و دەستی ئاوەدانکردنەوە بۆ ئەو دەڤەرە. کەواتە بوونی پەکەکە لە شنگال هیچ ئاکامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە، ئەمە راستییەکە و لەبەر ئەوە ناڵێین کە ئێمە دڵگران بین لە ئاست پەکەکەدا، چونکە ناکرێت حزبێکی باشووری کوردستان بچێت و دەست بەسەر هەکاریدا بگرێت لە باکوور.

**ئەگەر ماڵی دراوسێکەت گڕبگرێت و هاوکار بیت لە کوژاندنەوەی، ئایا ئەمە رەوایەتیت پێدەدات بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو ماڵە بکەیت؟**

*** ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ؛ پەکەکە بۆتە هاوپەیمانی حەشدی شەعبی و ئێران کە هەردووکیان دەیانەوێت پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان رابوەستێت، ئایا چۆن دەبێت هێزێکی کوردی دۆستی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنی هێزی پێشمەرگە و کوردستان بێت؟**

- لە راستیدا هۆکارەکە ئاشکرایە، پەکەکە خۆی رایگەیاندووە کە خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆ نییە، ئێرانیش دروستبوونی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە ناخوازێت، دواتر حەشدی شەعبی کێیە و لە چ لایەنێکەوە هاوکاری سیاسی و سەربازی دەکرێت، لەلایەن ئێران و عێراقەوە، بەتایبەتی مالیکی، پەکەکەش بەرژەوەندیی خۆی لە چوونە نێو بەرەی ئێراندا دەبینێت، کەواتە لە ئێستادا خواست و تێڕوانینەکانی پەکەکە لەگەڵ ئێراندا یەکی گرتۆتەوە کە هەردوولایان نایانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان دروست بێت.

*** لە ئێستا هەموو کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان پێویستی بە گوتارێکی یەکگرتوو و ستراتیژیەتێکی هاوبەش هەیە، بەڵام پەکەکە ڕێگرە لەسەر دروستبوونی ئەم گوتارە هاوبەشە و تەنانەت هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئاڵای کۆماری کوردستان (ئاڵاکەی قازی محەمەد) بگۆڕێت کە هەموو کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان شانازی پێوە دەکات، ئایا دژایەتی پەکەکە بۆ یەکگوتاری و یەکڕیزی و ستراتیژیەتی هاوبەش و ئاڵای کوردستان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- لەکوردستان دوو ڕێباز، یا دوو هێڵ و ئایدیۆلۆژیا هەن، یەکێکیان ئایدیۆلۆژیای پەکەکەیە و ئەوی تر ڕێبازی بارزانیی نەمرە، ئەم ڕێبازەش لەهەر چوار پارچەی کوردستان ئەندام و لایەنگری هەیە، لەبەر ئەوە پەکەکە پێیوایە ئەگەر ڕێبازی بارزانی لەناو نەچێت، ئەوا ناتوانێت لە کوردستاندا حاکم و حوکمڕان بێت و ناتوانێت سیاسەتی خۆی لە کوردستاندا پیادە بکات. دەبێت لەم چوارچێوەیەدا لەم مەسەلەکە بڕوانین، چونکە کاتێك تۆ پرسیاری ئەوە دەکەیت بۆچی ئەوان حەز بە پێشمەرگە ناکەن، لەبەر ئەوەیە کە ئەوان پێشمەرگە بە ئاستەنگ لەبەردەم خۆیاندا دەبینن و ڕێبازی بارزانی بە بەربەست لەبەردەم خۆیاندا دەبینن، ئەوان بە ئاشکرا ئەمە ڕادەگەیەنن، بەتایبەتی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا ئەمە بە ڕوونی دیارە. دواتر ئێوە باسی هەڵوێست و تێڕوانینی پەکەکەتان کرد لەبارەی ئاڵا و کۆماری کوردستان لە مهابادەوە، لە ڕاستیدا تێڕوانینی ئەوان بۆ کۆماری کوردستان ئەوەیە کە نەدەبوو ڕوویبدایە، هەروەها پەکەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مێژووی خەباتکردن بە دروستبوونی ئەوان دەستی پێکردووە و دەبێت تەنیا ئاڵای ئەوان بەرز بکرێتەوە. دواتر ئاڵا ئاماژەیە بۆ بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئەگەرچی کەمینەی دیکەش لە نێو دەوڵەتەکەدا دەژین، پەکەکەش خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی نییە، کەواتە ئەمە هۆکاری دژایەتی ئەوانە بۆ ئەو ئاڵایە.

*** ئەوەی بۆ ئێستا جێگەی هەڵوەستە و پرسیارە ئەوەیە پەکەکە باس لە فیدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت ئێمە دژی دەوڵەتی کوردستان و هاوسەرگیریی نێوان ژن و پیاوین، ئەوان دەڵێن هەتا ژن لە کۆت و بەندی هاوسەرگیری ڕزگاری نەبێت، مرۆڤایەتی ڕزگاری نابێت، ئایا ئەم بانگەشەیەی پەکەکە لەگەڵ داب و نەریت و بەرخودانی کوردستان یەك دەگرێتەوە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە پەکەکە ئێستا بە تەواوەتی بەها ئەخلاقییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ونکردووە؟**

- کۆنفیدراڵیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و پرسی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پەکەکە دیعایەی بۆ دەکات، خەیاڵە. چونکە ئەگەر تۆ لە ئەورووپا بڕوانیت، ئەوا کۆمەڵێك دەوڵەتی سەربەخۆ هەن و لە ناو خۆیاندا یەکێتییەکیان دامەزراندووە، دواتر لە ڕووی پێشکەوتنەوە ئەورووپا ١٠٠ ساڵ لە پێش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کەلتووری و لە هەموو ڕوویەکی دیکەوە، بەڵام تۆ کوردت هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە. ئێ باشە خۆ بۆ کۆنفیدراڵیزمی ئەم ناوچەیە دەبێت کوردیش دەوڵەتی خۆی هەبێت. واتە دەبێت هەمان پێگەی تورك و عەرەب و فارسی هەبێت، بەڵام ئێستا کورد نە دەوڵەت و نە دەسەڵاتی هەیە. دواتر تۆ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریت لە سووریا هەیە، لە ئێراندا حوکمڕانییەکی ئایینی و لە عێراق حکومەتێکی تایفەگەریت هەیە و لە تورکیاش هزرێك زاڵە کە کورد قبووڵ ناکات. دواتر بیرۆکەی کۆنفیدراڵیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە کوردیش هاوشان بە عەرەب و فارس و تورك وەك برا بژین و خاوەنی ئابووری و کەلتوور و خەسڵەتی خۆی بێت بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام ئەمە خەونە، خەونێکی خۆشە، بەڵام کاتێك ڕادەچڵەکیت و بێدار دەبیتەوە دەبینین ئەمە هەر تەنیا خەیاڵێك بووە. ئەوەی پەیوەندی بە هاوسەرگیریشەوە هەبێت، ئەوا ئەمە لەو تێڕوانینە کۆمۆنیستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا هۆز و عەشیرەتەکان نامێنن و خێزان نامێنێت و تاکەکان بۆ خۆیان ئازاد دەبن و دنیا بە چەشنی بەهەشتی لێدێت و ئەو کاتە هیچ پێویست بە بوونی خێزان ناکات.


**هەر کوردێک لە دەستپێکردن بە خەبات و شۆڕشدا، سەربەخۆیی کوردستانی لە هزر و خەیاڵدا بووە. بەڵام جێی داخە، ڕێبەرایەتی پەکەکە ئێستا بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆن و باوەڕێکی جیاوازیان هەیە**

**پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان ستراتیژیەتی سەربەخۆیی گۆڕا بۆ ستراتیژیەتی کارکردن بۆ کۆماری تورکیای دیموکراتی. بە چەشنێک ئێستا پەکەکە بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت کە خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان نییە، تەنانەت ئەگەر هەموو جیهانیش پاڵپشتی لێبکات**

# تمووحەکانی ئێران لە شامدا

## بۆچی دوو ڕێڕەوی زەمینی بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست دروست دەکات؟





نووسینی ئەیهود یاریی*

بە گوزارشتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ڕێکس تیلێرسۆن)، ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئێستادا «سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە ڕێگاچارەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەددییانەی کە ئێران دروستی کردوون.» ئەمەش زیاتر ڕێی تێدەچێت کە مەبەستی ئەوە بێت هەوڵی دۆزینەوەی ئەو ڕێگایانە بدات کە بەهۆیانەوە بتوانرێت بەر بە بەرفراوانخوازیی ئێران بگیرێت. بەڵام بۆ ئەوەی هەر پلانێکی ئیحتیواکردن کارا بێت، پێویستە واشنتۆن تاوتوێی ستراتیژیەتە نوێیەکەی ئێران لە شامدا بکات و، پێویستە لەو ڕاستییە تێبگات کە ئەگەرچی تاران هێشتا ئومێدی بەوە هەیە کە لە مەودای دووردا هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا باڵادەست بکات، ئەوا پلانی ئێستای ئێران تەرکیزکردنە لەسەر بەدەستهێنان و درێژەپێدانی پێگەی باڵادەستی لە عێراق و لوبنان و سووریادا.

لەبەر ئەوەی ئەو سێ وڵاتە دوچاری زۆنگاوێکی خوێناوی بوونەتەوە، ئەوا دەرفەتگەلێکی زیاتر دەڕەخسێنن بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەی، بە بەراورد بە ناوچەی کەنداو کە بە دڵنیاییەوە دوچاری ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناویتر دەبێتەوە، چونکە لە کەنداودا دەبێت ئێران ڕووبەڕووی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ببێتەوە، لەوەش زیاتر، سەرکەوتن لەم ڕێگاچارە بەرتەسکترەدا، بۆی هەیە لە کۆتاییدا پێگەی ئێران بەهێزتر بکات لە بەرامبەر سعودیە و ئەو وڵاتانەی دیکە کە لە بەرەی سوننەدان.

ژەنراڵ قاسم سلێمانی، فەرماندەی هێزی قودس لە نێو گاردی شۆڕشگێڕی ئێراندا –سوپای پاسداران-، یەکێکە لەو کەسانەی کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەم تێڕوانینە سیاسییە نوێیە. لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، ئەو سەرقاڵ بووە بە دانانی بەردی بناغەی بەلای کەمەوە ڕێڕەوێکی زەمینی، کە ئەگەری زیاترە دوو ڕێڕەوی زەمینیش بێت، لە ناوچەی شامدا (یەکێکیان لە باکوور و ئەوی دیکەیان لە باشوور)، کە




**ئێران میلیشیا شیعەکان بە نێو بەرگریکارانی حەرەمی زەینەب ڕەوانەی سووریا دەکات**

ئێران گرێدەداتەوە بە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە

ئەم ڕێگایانە بەلای کەمەوە دووریی ٨٠٠ میل دەبڕن لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێرانەوە — دەست پێدەکەن- و بە دۆڵەکانی هەردوو ڕووباری فورات و دیجلە و پانتاییە بەرفراوانەکانی بیابانی نێوان عێراق و سووریادا تێدەپەڕن، لەوێشەوە ڕایەڵێکی پەیوەندی لەگەڵ حزبوڵا بە لوبنانەوە گرێ دەدات و، دواجار لە سنوورەکانی بەرزاییەکانی جۆلاندا کۆتایی دێت. هەردوو ڕێڕەوەکە دەبنە زنجیرەیەك بۆ جووڵەپێکردنی کەل و پەلە سەربازییەکان و میلیشیاکان هەر کاتێك کە پێویست بن. بەم دواییە، ژمارەیەك لە میلیشیا شیعەکان — کە ئێران سەرپەرشتیان دەکات- بە ئاشکرا باسیان لە هەوڵەکانیان کرد بۆ جووڵەپێکردنی شەڕکەرەکانیان بە درێژایی ئەو ڕێگایانە. بۆ نموونە، هێزەکانی گرووپی میلیشیای حزبوڵای لوبنانی لە عێراق و سووریادا بوونیان هەیە، لە کاتێکدا میلیشیا شیعە سەرەکییە عێراقییەکان بوونیان هەیە لە لوبنان لەم ساتەوەختەدا.

بەپێی چەند بەرپرسێکی باڵای ئێرانی، بیرۆکەکە ئەوەیە کە چاودێریکردنی ئەو ڕێڕەوانە بە هێزە وەکیلەکان بسپێردرێن، وەك حزبوڵا و میلیشیا شیعە جۆراوجۆرەکان کە ئێران لە عێراق و سووریادا سەرپەرشتیان دەکات، ئەویش بۆ ئەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆی بەکار نەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگایانە. ( ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە لەخۆبەدوورگرتن لە

بڵاوکردنەوەی هێز لە دەرەوەی سنوورەکانی.) میلیشیا وەکیلەکانی ئێران دەتوانن هێزێك پێکبهێنن کە لە ١٥٠،٠٠٠ بۆ ٢٠٠،٠٠٠ شەڕکەر پێکهاتبێت، لە نێویاندا ١٨،٠٠٠ شیعەی ئەفغانی، ٣،٠٠٠ بۆ ٤،٠٠٠ شیعەی پاکستانی و، میلیشیاگەلێکی بچووك کە لە مەسیحی و دروزەکان پێکهاتوون. حاڵی حازر هەندێ لەو هێزانە لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا و بە درێژایی ئەو ڕێڕەوانە جێگیرکراون. هەروەها ئێران دەتوانێت، ژمارەیەکی زیاتری شیعە رابکێشێتە نێو ئەم هێزانەوە- بەتایبەتی لە نێو ئاوارەکانی ئەفغانستان و پاکستاندا کە بە دوای کارکردن و بە دوای پرسێکدا دەگەڕێن کە کاری لە پێناودا بکەن.

ڕێڕەوی باکوور لە ئێرانەوە دەستپێدەکات بە تێپەڕبوون بە پارێزگای دیالەدا- کە لە ئێستادا شیعە زۆرینەیە تێیدا- بەرەو پارێزگای کەرکووك و شارۆچکەی شەرگات بە ئاراستەی رۆژهەڵاتی و لە رێی شنگال و تەلەعفەرەوە گرێدەدرێتەوە بە سووریا. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە کاروان و کەژاوەکانی ئێران دەگەنە خاکە کوردییەکانی سووریا کە حاڵی حازر گرێدراون بەو ناوچانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆکی سووری، بەشار ئەل ئەسەددان.

بۆ تێپەڕبوون بەم ڕێڕەوەدا، ئێرانییەکان پێویستیان بەوەیە دڵنیا ببنەوە کە نە حکومەتی عێراقی و نە هێزە کوردییەکانی — کە لە ئاراستەی ئەوپەڕی رۆژئاوادا بوونیان هەیە- دەستێوەردان نەکەن. بەلەبەرچاوگرتنی هەڵکشانی دەستڕۆیشتویی ئێران بەسەر حکومەتی عێراقی و هێزە چەکدارەکانیەوە، ئەوا پێدەچێت ئەگەری ئەوە زۆر لاواز بێت کە بەرهەڵستییەکی راستەقینە هەبێت لەلایەن بەغداوە لە ئاست تێپەڕبوونی ئەو کاروان و کەژاوانەدا. هەمان شت بۆ کوردیش راستە. پێشمەرگەش، کە هێزێکی سەربازین و —زۆرینەیان- لە هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی عێراقە- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان- پێکهاتووە، ئامادە نییە رێگری لە جووڵەی سوپای ئێرانی بکات ئەگەر بێتوو نەبنە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان. هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە شنگال پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، لە تەلەعفەریش، میلیشیا پرۆ- ئێرانییەکان بە رەزامەندی ئەمریکا سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنن. بەشە کوردییەکەی سووریاش- کە لە نێو کورداندا بە رۆژئاڤا ناسراوە و لە ئێستاشدا کورد لە رێی پارتی یەکێتی دیموکراتی ( پەیەدەوە) حوکمڕانیی دەکات- کەوتۆتەبەر هەڕەشەی بەردەوامی تورکیاوە، کە — تورکیاش- پەکەکە و پەیەدە بە گروپی تیرۆریستی لە قەڵەم دەدات، بەو پێیە ئەوان ئێران بە هێزێکی دۆست دەزانن.

چڕبوونەوەی ئەم دواییە رکابەریی نێوان تورکیا و ئێران لە ناوچەی شامدا تا ئێستا سەرینەکێشاوە بۆ پێکداهەڵپژانی زەمینی. کە رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکیشدا هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە. پێدەچێت سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان، تەفزیلی شەڕی لێدوان بکات لەبری شەڕی راستەقینە لەگەڵ ئێراندا. ئەو ئیدانەی چالاکییەکانی تاران دەکات لە ناوچەی شامدا، یاخود ئەوەی ئەو پێی دەڵێت «فراوانخوازی فارسی» بەڵام بە حوکمدان لەو هەڵسوکەوتانەی کە ئێستا ئەردۆغان پێی هەڵساوە، ئەوا — ئەردۆغان- ئەو دوودڵ دەبێت لە بەکارهێنانی دەستڕۆیشتوویە بەرچاوەکەی بەسەر کوردی عێراق و، کەمینەی تورکمانەوە لە عێراق و سووریا و میلیشیا عەرەبییە سوننەکانەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکەی ئێران.

ڕێڕەوی باشوور بوار بە جموجووڵ دەدات لە ئێرانەوە بە تێپەڕبوون بە پارێزگا شیعەکانی عێراقەوە، کە رێگای سەرەکی و خێرای پارێزگای ئەنبار لەخۆدەگرێت و بە رۆژهەڵاتی سووریادا تێدەپەڕێت پێش ئەوەی بگاتە دیمەشق. کێشەی سەرەکیی ئەم رێگایە ئەوەیە کە زۆربەی دانیشتووانی ئەنبار کە سوننەن بە گومان و دوژمنایەتییەوە لە ئێران دەڕوانن. بەڵام زۆربەی دانیشتووانی سوننە (١,٥ ملیۆن کەس) لە چوار شاری گەورەدا نیشتەجێن- فەللوجە، حەدیسە، روممادی و القائم- کە دەتوانرێت بە ئاسانی خۆ بە دوور بگرێت لەم شارانە لە رێی گرتنەبەری رێگاکان بە نێو خاکە بەیارەکان و ئەو ناوچە گوندنشینانەی کە خەڵکانێکی کەمیان تێدا دەژین. هەر لە هەمان ئەم ناوچانەدا بوو کە میلیشیا شیعەکان — ئەوانەی ئێران سەرپەرشتی کردوون- شان بە شانی سوپای عێراق شەڕیان کردووە بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی (کە بە داعش ناسراوە) و، هێشتا پێگەی قایمیان هەیە بە درێژایی رێگا خێراکە. لەم رووەوە، ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق -کە بە درێژایی ئەو رێگا خێرایە نیشتەجێکراون کە بە بیابانی ئەنباردا تێدەپەڕێت- بەرهەڵستی ئەو کاروانانە بکەن کە لە ئێرانەوە یاخود لە میلیشیا هاوپەیمانەکانییەوە دێت. هۆزە سوننە مەحەلییەکانیش دوودڵ دەبن لە هەڵگیرسانی شەڕ و ناکۆکی، بەتایبەتی شەڕێك کە نەتوانن براوە بن تێیدا. ئێرانیش دەتوانێت هانیان بدات، بەرتیلیان پێبدات و ناچاریان بکات کە چاو دابخەن لە ئاست ئەو کاروانانەی ئێران کە بە خاکی ئەواندا تێدەپەڕێنێت.

**پێویستە ئەمریکا پشتیوانی هەوڵەکانی ئیسرائیل بکات بۆ رێگرتن لە ئێرانییەکان تاوەکو نەتوانن جێ پێیەک لە ناوخۆی سووریادا و لە بەرزاییەکانی جۆلاندا بکەنەوە. بەڵام لەسەرو هەمووشیەوە، پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە گفتوگۆکردن لەگەڵ روسیادا و پێداگیری بکات لەسەر ئەوەی دەبێت بە زویی سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت**

**سەرکردەکانی هەندێ لەو میلیشیایانەی عێراق کە ئێران سەرپەرشتیان دەکات، وەک (النجباء)، لە ئێستادا بە ئاشکرا باس لە نیازی خۆیان دەکەن بۆ جووڵە پێکردنی هێزەکانیان بۆ بەرەی جۆلان. ئیسرائیل چەند جارێک تۆڵەی کردۆتەوە لەو هێرشانەی کە لەو ناوچەیەوە سەرچاوەیان گرتووە و، لە میانەی ئەو پێکدادانانەشدا ژەنەراڵێکی ئێرانی کوژرا.**

ئێران، بە نیازە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا هەڵبستێت بە نوێکردنەوەی جبەخانە سەربازییە بەسەرچووەکەی، ئەمەش بە شێوەیەکی هەنگاو بە هەنگاو دەبێتەهۆی ئەوەی سوپای ئێران (ئارتەش) و گاردی شۆڕشگێڕی ئێران (سوپای پاسداران) تۆپ و تانك و كەل و پەلی پێویستیان بۆ دەستەبەر بێت كە لە قۆناغێك لە قۆناغەكاندا پێویستن بۆ پێكهێنانی هێزێك كە بتوانرێت لە دەرەوەی وڵاتەكەدا بەكاربهێنرێت بۆ پاڵپشتیكردنی میلیشیا هاوپەیمانەكانیان. هاوشان بە هێزێكی ئاسمانی كە نوێكراێتەوە، ئەوا ئێران دەتوانێت پاڵپشتی ئاسمانی بۆ ئەو هێزە زەمینییانە دەستەبەر بكات كە بە درێژایی ئەو ڕێڕەوانە جووڵەیان پێدەكرێت، ئەویش یان بۆ مومارەسەكردنی دەسترۆیشتوویی بەسەر لایەنە سیاسی و هۆزە و تائیفییە مەحەلییەكان، یاخود كۆكردنەوەی هێز لەسەر سنووری ئیسرائیل.

هەر كاتێك شەڕە هەڵگیرساوەكانی سووریا و عێراق خامۆش بوون، ئەوا ئەگەری زۆرە كە ئێران بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی میلیشیا وەكیلەكانی لە هەردوو ئەو وڵاتەدا، بە هەمان ئەو شێوەیەی كە پاڵپشتی حزبوڵا لە لوبنان دەكات. لە عێراقدا، ئەو میلیشیایانەی كە ئێران سەرپەرشتیان دەكات، كە بەشێكن لە یەكەكانی حەشدی شەعبی، كە چەترێكە بۆ دەیان میلیشیا كە زۆرینەیان شیعەن، لە ئێستادا دانپێدانانی ڕەسمی و داراییان لەلایەن بەغداوە دەستەبەر كردووە. لە سووریاش، ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئێران پلانی ئەوەی هەیە كە ژمارەیەكی زۆری میلیشیاكانی ئاوێتەی بونیادێكی نیمچە سەربازی هاوشێوەی باسیج بكات –بوونە ئەندام تێیدا لەسەر بنەمای خۆبەخشییە- كە بە شێوەیەكی كارا لە ژێر كۆنترۆڵی ئێراندا دەبن. ئامانج لە دروستكردنی ئەم میلیشیایانەش بۆ ئەوەیە هاوكاربن لە پاراستنی ئەو حكومەتانەی ناوچەی شام كە مەیلیان بۆ ئێران هەیە، لەگەڵ پاراستنی ڕێڕەوەكان لە ڕێگەی دروستكردنی چەند زۆنێكی مەحەلی كە تێیدا باڵادەست بێت و، هەر كاتێكی پێویست بوو ئەوا هەڵبستێت بە پێكهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ گەمەكارە مەحەلییەكان بە درێژایی ئەو ڕێگایانە.

هەرچۆنێك بێت ئامانجی كۆتایی لە دروستكردنی ئەم ڕێڕەوانە بریتییە لە درێژكردنەوەی دەسترۆیشتوویی ئێران بۆ بەرزاییەكانی جۆلان، ئەویش بە مەبەستی توندكردنەوەی فشار بەدەوری ئیسرائیلدا. ئێرانییەكان بە ئاشكرا گوزارشت لە پەرۆشی خۆیان دەكەن بۆ كردنەوەی بەرەی بەرزاییەكانی جۆلان بۆ هێزە وەكیلەكانیان و، بەرپرسە باڵاكانی گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی – سوپای پاسداران- لەوێدا سەرقاڵی دروستكردنی میلیشیایەكی نوێن – فەوجی جۆلان- كە لە بەشێكیدا لەو فەلەستینیانە پێكهاتووە كە لە سووریادا نیشتەجێن. ئەحمەد جبریل، كە سەركردەی دێرینی –فەرماندەیی گشتی- بەرەی گەل بۆ ڕزگاركردنی فەلەستینە– كە ئێران سەرپەرشتی دەكرد- پشتیوانی لە هەنگاوێكی لەم چەشنە كردووە لە بەرزاییەكانی جۆلاندا، ئەو بانگەشەیەش چەندین جار دەنگدانەوەی هەبووە لە نێو ڕاگەیاندنی ڕەسمیی سووریدا.

تاكتیكێكی لەم چەشنە بەرەی پێشەوەی ئێستای لوبنان لە نێوان حزبوڵا و ئیسرائیلدا درێژ دەكاتەوە بەرەو ڕووباری یەرموك كە تێیدا سنوورەكانی سووریا و ئەردەن و ئیسرائیل بە یەك دەگەن. سەركردەكانی هەندێ لەو میلیشیایانەی عێراق كە ئێران سەرپەرشتیان دەكات، وەك (النجباء)، لە ئێستادا بە ئاشكرا باس لە نیازی خۆیان دەكەن بۆ جووڵەپێكردنی هێزەكانیان بۆ بەرەی جۆلان. ئیسرائیل چەند جارێك تۆڵەی كردۆتەوە لەو هێرشانەی كە لەو ناوچەیەوە سەرچاوەیان گرتووە و، لە میانەی ئەو پێكدادانانەشدا ژەنەراڵێكی ئێرانی كوژرا.

لە بەرامبەر پلانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی دەسترۆیشتوویی لە ناوچەی شامدا، پێویستە ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ هاوشانە ئیقلیمییەكانیدا كاربكات بۆ پووچەڵكردنەوەی هەوڵەكانی ئێران بۆ دروستكردنی ئەو دوو ڕێڕەوە. پێویستە هانی توركیا- كە هاوپەیمانێكی ناتۆیە- بدرێت بۆ ئەوەی بەرهەڵستی هەوڵەكانی ئێران بكات كە، لە ڕێی ئەو ڕێڕەوانەوە و لە پێناوی باڵادەستیدا دەیانخاتەگەڕ، كە ڕێڕەوی بازرگانی سەرەكین بۆ هەناردەكردنی برێكی گەورەی كەل و پەلی توركیا بۆ جیهانی عەرەبی. پێویستە كەل و پەلی سەربازی بۆ كوردی عێراق و سووریا دەستەبەر بكرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا شیعەكان. پێویستە ئەردەن هاوكاری سوننەكانی ڕۆژئاوای عێراق بكات، هەروەها هۆزی شەمەری بەدەوی كە لە بیابانی سووریدا نیشتەجێن، كە پەیوەندیی تەقلیدییان هەیە لەگەڵ سعودیەدا، بۆ ئەوەی هەڵبستن بە ڕێكخستنی هێزی خۆیان. پێویستە ئەمریكا پشتیوانی هەوڵەكانی ئیسرائیل بكات بۆ ڕێگرتن لە ئێرانییەكان تاوەكو نەتوانن جێ پێیەك لە ناوخۆی سووریادا و لە بەرزاییەكانی جۆلاندا بكەنەوە. بەڵام لەسەرو هەمووشیەوە، پێویستە ئەمریكا بەردەوام بێت لە گفتوگۆكردن لەگەڵ ڕوسیادا و پێداگیری بكات لەسەر ئەوەی دەبێت بە زوویی سەرۆكی سووریا، بەشار ئەسەد دەسەڵات جێبهێڵێت.

*** ئەم نووسینەی ئەیهود یاریی، ڕۆژی ١ی ئایاری ٢٠١٧ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرزدا بڵاوكراوەتەوە.**

**لە بەرامبەر پلانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی دەسترۆیشتوویی لە ناوچەی شامدا، پێویستە ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ هاوشانە ئیقلیمییەكانیدا كاربكات بۆ پووچەڵكردنەوەی هەوڵەكانی ئێران بۆ دروستكردنی ئەو دوو ڕێڕەوە**

**ئێرانییەكان بە ئاشكرا گوزارشت لە پەرۆشی خۆیان دەكەن بۆ كردنەوەی بەرەی بەرزاییەكانی جۆلان بۆ هێزە وەكیلەكانیان و، بەرپرسە باڵاكانی گاردی شۆڕشگێڕی ئێرانی – سوپای پاسداران- لەوێدا سەرقاڵی دروستكردنی میلیشیایەكی نوێن – فەوجی جۆلان- كە لە بەشێكیدا لەو فەلەستینیانە پێكهاتووە كە لە سووریادا نیشتەجێن**

# چارەسەری مێژووییانەی کێشەی عەرەبی سوننە لە عێراق



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠١٧ هێزە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق پرۆژەیەکی چارەسەری مێژوویانەی کێشەیان پێشکەشکرد، ئەمە دیدو تێڕوانینی یەکگرتووی عەرەبی سوننەیە لە عێراق، ئەم پرۆژەیە دوای ژانێکی دوورودرێژ لەدایکبوو بۆ ئەوەی بەرامبەر ئەو چارەسەرە مێژووییە بێت کە هاوپەیمانیی شیعە بە سەرۆکایەتیی عەمار حەکیم خستییە ڕوو، ئەم پرۆژەیە لە چوار بەش پێکدێت، هەر بەشێکیان چەند خاڵێك لەخۆدەگرێت، زیاتر لە سەد خاڵی تێدایە، سوننە هەوڵیان داوە ئەو پرۆژەیە بەدەوڵەتبکەن لەمیانی بەشدارپیێکردنی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق( یۆنامی ) و ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتیی ئەورووپاو کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی هاریکاریی ئیسلامی و ئەنجومەنی کەنداو، مەبەست لەمەدا سەرخستنی ئەم پرۆژەیەیە بە شێوەیەکی دروست، من پێموایە کە چارەسەری سەرکەوتووی کێشەکانی عێراق پشتبەستنە بە ناوخۆ، پەنابردن بۆ دەرەوە پرۆسەکە ئاڵۆزتردەکات، سوننەش دەیانەوێ ئەم پرۆژەیە وەکو نیمچە دەستوورێك بێت، بە شێوەیەك ببێتە بەڵگەنامەیەك بخرێتە ڕاپرسیی میللییەوە و پێش ئەوەش بدرێتە پەرلەمانی عێراق، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێشتر زۆر پرۆژە خراونەتەڕوو، بەڵام شکستیان هێناوە، چونکە چەند لایەنێك هەن نایانەوێ عێراق ببێتە وڵاتی هەموو پێکهاتەکان، بەڵکو بۆ یەك پێکهاتە بێت، ئەم تێڕوانینەش بەسە بۆ هەڵوەشانەوە و دابەشبوونی عێراق.

با باس لە وردەکارییەکانی ئەو پرۆژەیە بکەین، لە بەشی یەکەم، خاڵی دووەم: ئامانجەکانی یەکلاییکردنەوەی مێژوویی، بابەتێکی گرنگی خستۆتەڕوو، بواری رەخساندووە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە پێشترو ئێستاش دژی پرۆسەی سیاسی بوونە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سازان و کۆتایی هێنان بە ململانێیەکە، هەروەها کۆتوبەندی یاسایی و لاریی سیاسی بەلاوەبنێت تاکو بیخاتە نێو پرۆسەی سیاسییەوە، پێموایە ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ کۆکردنەوەی پارچەکانی سوننە، چونکە زۆر سەرکردەیان لەلایەن دەوڵەتی یاساوە بە سەرۆکایەتی مالیکی رووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە وەك رافع عیساوی و تاریق هاشمی، هەندێکیشیان ناهێڵرێن بێنە نێو پرۆسەکەوە وەك خەمیس خەنجەرو سەعد بەزازو وەزاح سەدید.. تاد، بۆیە هەرچەند رۆڵی سیاسیی سوننە لاوازبێت هێزی سیاسی شیعە بەهێزدەبێت، بەهۆی لاسەنگیی سیاسی و کۆمەڵگەییەوە چەند یاسایەك دەرچوون و سەپێنران، کە لە راستیدا مەزهەبی بوون، بۆ نموونە لە خاڵی چوارەمی هەمان بەشدا، سڕکردنی کێشە ناکۆکەکان خراوەتەڕوو وەك یاسای حەشدی شەعبی هەتا سازان لەنێوان پێکهاتەکان بێتەئاراوە، ئەمە قۆناغی یەکەمی ئەو چارەسەرە مێژووییەیە، لە قۆناغی دووەم واتا لە بەشی دووەمدا داوای کۆتاییهێنان بە میلیشیا چەکدارەکانی شیعە کرا لەوانەش حەشدی شەعبی، هەروەها چەك تەنیا بەدەست دەوڵەتەوە بێت، چونکە ئەو پرۆژە چارەسەرەی کردووە بە دوو قۆناغ، ئاستێکی کاتیشی بۆ قۆناغی یەکەم داناوە کە شەش مانگە، پرۆژەکە دواتر دەدرێتە نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاکو ببێتە بەڵگەنامەیەکی ئاشتبوونەوەی مێژوویی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق.

لە بەشی دووەمدا تەرکیز لەسەر یەکێتیی عێراق و بنیاتنانی دەوڵەتی دیموکراسی و مەدەنی کراوە، داوای هەموارکردنی تەواوی دەستووری کردووە، ئەم هەموارکردنە دەستوورییە پەسندکراوە ئەگەر تەنیا چەند بڕگەو ماددەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر جەوهەری بێت ئەوا ئەستەمە، هەروەها لەلایەن کوردو زۆر حزبی سیاسیی گەورەشەوە رەتدەکرێتەوە، بۆیە پێویستی بە سازان و لێکگەیشتن هەیە، پاشان چینی سیاسیی سوننە خۆیان بەرپرسیارێتیی شکستهێنانیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا نەکرد، ئەگەر گوێیان لە پێشنیارەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بگرتایە بە پێکهێنانی هەرێمەکان حاڵیان بەم کارەساتە نەدەگەیشت، ئەوان پێیان وابوو کە فیدراڵی بە واتای دابەشبوون، ئەوان ئاواتی ئەوە دەخوازن ئەو رۆژانە بگەڕێتەوە تا سیستمی فیدراڵی بۆ پارێزگا کارەساتبارەکانیان رابگەیەنن، وەك هەرێمی کوردستان، بەڵام لەدەستیان چوو و شارەکانیان وێران بوون و خەڵکەکەش ئاوارەو دەربەدەر بوون، ئەمەش دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی سیاسەتوانانی سوننەی عەرەبە، تەنانەت سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش ئەو راستییەی بە داخەوە بۆ فراکسیۆنە کوردستانییەکان باسکردووە کە لە سەرەتاوە سیستمی فیدڕالییان رەتکردۆتەوە. لە هەمان بەشیشدا پرۆژەکە جەخت لەسەر ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی عێراق دەکاتەوە، ئەم بڕگەیە بەدەق دەڵێت: لایەنەکانی چارەسەری مێژوویی پابەند دەبن بە چەسپاندنی ناسنامەی ئێستای عێراق لەسەر بنەمای هاوولاتیبوونی یەکسان بێ جیاوازیی ئاینی و تایفی و ئیتنی و مەدەنی، ئەم بڕگەیە ناکۆکە لەگەڵ دەستوری عێراق، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی عێراق وڵاتی پێکهاتەکانە، چونکە دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی یان ئاینی ئان مەزهەبی سەرپێچیی دەستووری عێراقە، سەرۆك مسعود بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ رەتکردنەوەی ناسنامەی عەرەبیی عێراق، چونکە عێراق چەندین نەتەوەی تێدایە، کوردیش نەتەوەی دووەمی سەرەکییە، چونکە دانانی ناسنامەی عێراق وەك عەرەبی بە ئاشکرا بانگەشەیە بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد، هەروەها ناسنامەی ئیسلامیی عێراقیش بە هەمان شێوەیە، چونکە عێراق وڵاتی ئایینە جیاجیاکانە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئیسلام لە مەترسیدایە، بەڵکو هەموو ئایینەکان بە ئاشتی بەیەکەوە دەژین.

پشکی دووەم: پرۆژەکە ئەم پشکەی بە ناونیشانی بنەماکانی پارێزگاریکردنی یەکێتیی

**ئەگەر سوننە گوێیان لە پێشنیارەکەی سەرۆک مسعود بارزانی بگرتایە بە پێکهێنانی هەرێمەکان حاڵیان بەم کارەساتە نەدەگەیشت، ئەوان پێیان وابوو کە فیدراڵی بە واتای دابەشبوون، ئەوان ئاواتی ئەوە دەخوازن ئەو رۆژانە بگەڕێتەوە تا سیستمی فیدراڵی بۆ پارێزگا کارەساتبارەکانیان رابگەیەنن، وەک هەرێمی کوردستان، بەڵام لەدەستیان چوو و شارەکانیان وێران بوون و خەڵکەکەش ئاوارەو دەربەدەر بوون**

**چارەسەری سەرکەوتووی کێشەکانی عێراق پشتبەستنە بە ناوخۆ، پەنابردن بۆ دەرەوە پرۆسەکە ئاڵۆزتردەکات، سوننەش دەیانەوێ ئەم پرۆژەیە وەکو نیمچە دەستوورێک بێت، بە شێوەیەک ببێتە بەڵگەنامەیەک بخرێتە راپرسیی میللییەوە و پێش ئەوەش بدرێتە پەرلەمانی عێراق، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێشتر زۆر پرۆژە خراونەتەڕوو**

**سەرۆک مسعود بارزانی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕەتکردنەوەی ناسنامەی عەرەبیی عێراق، چونکە عێراق چەندین نەتەوەی تێدایە، کوردیش نەتەوەی دووەمی سەرەکییە، چونکە دانانی ناسنامەی عێراق وەک عەرەبی بە ئاشکرا بانگەشەیە بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد، هەروەها ناسنامەی ئیسلامیی عێراقیش بە هەمان شێوەیە، چونکە عێراق وڵاتی ئایینە جیاجیاکانە**

**سوننە وایان دەزانی وا بە ئاسانی ڕژێمی بەعس نارووخێت و بەرگری بەردەوام دەبێت، تا دواتر لە ئەنجامدا شارە سوننەنشینەکان کاول بوون، شیعەش زۆر بە گوڕو تینەوە بەشداری پرۆسەی سیاسییان کرد، بۆیە کە ڕژێم ڕووخا دەستیان کرد بە قەرەبووکردنەوەی ساڵانی پێشوویان لە ڕووی مەزهەبی و فیکری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە**

عێراق نووسیوە، پڕۆژەکە ئەم بابەتەی بە گرنگیەوە باسکردووە، لە بڕگەی یەکەمدا تەرکیز لەسەر کێشەی سنوور دەکات و داوای چەسپاندنی دەکات، داواش لە لایەنەکانی چارەسەری مێژوویی دەکات پێوەی پابەندبن بە گومان نەبوون لە یەکێتیی خاك و گەل و سامان و دامەزراوەو سەروەریی عێراق، گومانی تێدا نییە کە قۆناغی دوای داعش زۆر سەخت و مەترسیدار دەبێت، کێشەی ڕاستەقینەمان لەگەڵ پارێزگاکانی ڕۆژئاوای سوننە دەبێت پەیوەست بە سنوور، ئەگەر شیعە دژی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بن، کە پەیوەندیی بە پارێزگاکانیانەوە نییە بە بەراورد بە پارێزگاکانی سوننە، ئەوا سوننەش دەبنە ئاستەنگ لەم جێبەجێکردنەدا، مەگەر ڕاو بۆچوونی دانایانی سوننە بەسەر ڕای توندڕۆکان سەربکەوێت، ئەم پڕۆژەیە داوای کردووە سنووری پارێزگاکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بچەسپێنرێت لەسەر بنەمای ئەوەی کە چۆن بووە لە ١٩-٣-٢٠٠٣ وەك زەمانەتێك بۆ سەلامەتیی یەکێتیی عێراق و دوورخستنەوەی مەترسیی دابەشبوون، ئەمەش مەترسی و سووکایەتیکردنە بە خوێنی شەهیدانی پێشمەرگە، هەروەها دانانی ئاشکرای سوننەیە بەوەی کە سەدام حوسێن لەسەر حەق بووە سەبارەت بە سیاسەتی عەرەباندنی شۆڤینیی ناوچەکانی کوردستان، بۆیە ناکرێ کورد دەستبەرداری ئەو ناوچانەیان بن کە ڕژێمی بەعس تەعریبی کردبوون، کە وەك مێژوو کوردستانین و بە خوێن نەخشاندوویانە، زۆر چاوەڕوانمان کرد حکومەتی بەغدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکات، بەڵام بە درێژایی ١٢ ساڵ ئەم ماددەیەی پەکخست، بۆمان دەرکەوت کە بەغدا ئەستەمە بیکات، بۆیە پێشمەرگە بە ڕاستیی جێبەجێی کرد.

لە بڕگەی سێیەمدا باسێکی ڕاشکاوانە هەیە لەسەر مەرزو خاڵە سنوورییەکانی کوردستان، کە دەڵێت: لایەنەکانی چارەسەرکردنەکە پابەنددەبن بە سیاسەتی نیشتمانیی بەڕێوەبردنی خاڵە سنوورییە عێراقییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە تەنیا لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بەو ناوەی کە ڕوویەکە لە سەروەریی نیشتمانی، لە پشکی دووەمدا، دووەم، بڕگەی یەکەم و دووەم، داوادەکات قسەکردن لەسەر پێکهێنانی هەرێمەکان دوابخرێت تاکو دوای بڕیاردانی ئەم گەڵاڵەنامەیە، دواتر باسی پارێزگای کەرکوکی کردووە کە پارێزگایەکی عێراقییە و ڕەتیکردۆتەوە بێتەوە سەر هیچ هەرێمێك، ئەمەش پەیامێکی ئاشکرایە بۆ کوردستان، چونکە بڕگەی دووەم دەڵێت: هەموو لایەنەکانی یەکلاییکردنەوە پابەند دەبن بە مامەڵەکردنی هەمیشەیی لەگەڵ کەرکوك کە گوایە بەدرێژایی مێژوو پارێزگایەکی عێراقی بووە، وا دیارە عەرەبی سوننە لە عێراق تا ئێستا بە عەقڵییەتی حوکمڕان و ڕژێمی بەعس بیردەکەنەوە، نازانن کە کەرکوك کوردستانییە.

بەشی سێیەم: پڕۆژەکە هەوڵدەدات ئەوانە تاوانبارکات کە هۆکاری گۆڕینی ڕژێمی سەدام حوسێن بوونە، چونکە دەڵێت: هەموو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسیارێتیی مێژوویی و مۆڕاڵییان دوای ٢٠٠٣ دەکەوێتە ئەستۆ کە توانا و پشتگیرییان بۆ ئەمریکاو بەریتانیا و هاوپەیمانەکانیان دابینکردووە بۆ داگیرکردنی عێراق، کە بۆتە هۆی لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هەروەها درووستبوونی میلیشیای چەکدارو ڕێگر، دەرگاشیان بۆ دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لە کاروباری ناوخۆی عێراق واڵاکردووە.

ئەم بڕگەیە زۆر مەترسیدارە لەبەر ئەوەی ئەوانە گریانیان بۆ ڕووخانی ئەم ڕژێمە دێت، لە هەمان کاتیشدا خۆشحاڵبوونە بە ڕووخانی ڕژێم و ئەو گەندەڵی وماڵوێرانییەی دواتر ڕوویدا، ئەگەر سوننە هەموویان بەشداریان لە پرۆسەی سیاسی بکردایە ڕەوشەکە بە شێوەیەکی دیکە دەبوو، با خوێنەرانیش بزانن کە کورد لایەنێکی ئەو ململانێیە ئایدیۆلۆژییەی نێوان سوننەو شیعە نییە، ئەمە لە ئەستۆی سوننەدایە کە وایان دەزانی وا بە ئاسانی ڕژێمی بەعس نارووخێت و بەرگری بەردەوام دەبێت، تا دواتر لە ئەنجامدا شارە سوننەنشینەکان کاول بوون، شیعەش زۆر بە گوڕو تینەوە بەشداری پرۆسەی سیاسییان کرد، بۆیە کە ڕژێم ڕووخا دەستیان کرد بە قەرەبووکردنەوەی ساڵانی پێشوویان لە ڕووی مەزهەبی و فیکری و ئابووری و

سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە، زۆریـش خۆشـحاڵ بـوون کـە سـوننە لـە پرۆسـەکە دابـڕان، شـیعە بڕوایـان نەدەکـرد کـە کـورد دەگەڕێنـەوە بەغـدا، بەڵکـو وایـان دەزانـی کـورد بـەرەو سـەربەخۆیی دەچێـت، بۆیـە ئاسـانکاریان بـۆ کـردن، لەبـەر دوو هـۆ، یەکـەم خۆشـحاڵییان بـە گەڕانـەوەی کـورد، دووەم بـێ دەنگبوونـی کـورد لەهەمبـەر پـرۆژە ئایدیۆلۆژییەکانیـان.

## ● دوا پەیڤ

ئـەم پرۆژەیـە زۆر بـە وردی و هێمنانـە لەلایـەن ئەکادیمـی و یاسـاناس و سیاسـەتوانانی ناسـراوەوە نووسـراوەتەوە، دیـدی سـوننە بـۆ ئایندەی سیاسیی عێـراق پیشـان دەدات بـۆ قۆناغـی دوای داعـش، هەروەهـا بـۆ قۆناغـی پێـش دەسـتپێکردنی دیالۆگـی جیـددی لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی عێـراق، بەتایبەتیـش هاوپەیمانیـی نیشـتمانی، لەهەمـان کاتیشـدا پرۆژەیەکـی لـە رادەبـەدەر خۆبەزلزانینـی تێدایـە و گیانـی قەومچێتیـی عەرەبیـی لەخۆدەگرێـت، بۆیـە ئەسـتەمە هاوپەیمانیـی نیشـتمانی بـەم پرۆژەیـە رازی بێـت، هەروەهـا کوردیـش بـە هەمـان شـێوە، وا دیـارە زۆربـەی بەندەکانـی لەلایـەن کەسـانێك نووسـراون کـە لـە دەرەوەی پرۆسـەی سیاسـین، چونکـە پەیوەندیـان بـە دەرەوەی پرۆسـەکەوە هەیـە، دەبوایـە تەرکیزیـان لەسـەر مەینەتـی و کێشـەکانی سـوننەی دەرەوە بکردایـە، چونکـە چارەسـەرکردنی مێژوویـی لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئەوانـەی دەرەوەی پرۆسـەکەن، تاکـو بگەڕێنـەوە پارێزگاکانیـان و بەشـداریی راسـتەقینە بکـەن.

ئـەم پرۆژانـە لـە عێـراق سـەرناگرن مـادام دەسـتتێوەردانی دەرەکیـی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی بـەردەوام بێـت، یـان لەبـەر ئـەوەی لـە دەرەوە دەنووسـرێن، یاخـود رەچـاوی داخوازیـی پێکهاتـەو ئایینەکانـی دیکـە ناکـەن، پرۆژەی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی مۆرکـی ئایینـی پێوەیـە، بـڕوا بـەم پرۆژەیـە ناکرێـت مەگـەر حەشـدی شـەعبی هەڵوەشـێتەوە، چونکـە بوونـی ئـەم حەشـدە بـەم شـێوەیە کۆسـپە لەبـەردەم چارەسـەرە مێژووییەکـە، ئەمـەش داواکاری سـوننەیە، پرۆژەکـەی سـوننەش مۆرکـی قەومچێتیـی عەرەبـی پێوەیـە، مایـەی بڕوایـی نییـە مەگـەر دەسـتبەرداری بـن چونکـە بەسـەرچووە، هـەردوو پرۆژەکـەش لای کـورد رەتدەکرێنـەوە، چونکـە پـرۆژەی چارەسـەری مێژوویـی لای کـورد بـە داننـان بـە مافـی رەوای کوردسـتان لـە سـەربەخۆیی دەسـت پێـدەکات، هەروەهـا بـە داننـان بـە مافـی سروشـتیی کـورد لـە سـەربەخۆیی کۆتایـی دێـت، بەداخـەوە هـەردوو پرۆژەکـە ئاماژەیـان بەمـە نەکـردووە، کـورد لـە کاتـی سـەردانی سـەرکردەکانی شـیعە بـۆ کوردسـتان داوایـان لێکـراوە ئـەو بڕگەیـەی پەیوەسـتە بـە چارەنووسـی گەلـی کوردسـتان زیـادی بکـەن، چونکـە هـەر پرۆژەیـەك لەلایـەن هـەر لایەنێکـی عێراقییـەوە بخرێتـەڕوو و ئامـاژە بـەم مافـەی کـورد نـەکات بـە تـەواوی رەتدەکرێتـەوە، ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە کـە کـورد یەکلاییکردنـەوەی مێژوویـی ناوێـت ئەگـەر سـەرکەوتوو بـوو، بـەڵام مەرجـی سـەرەکیی کـورد داننانـی ئاشـکرایە بـە مافـی چـارەی خۆنووسـینەوە.

ئەگـەر بـەراوردی نێـوان هـەردوو پـرۆژەی چارەسـەری مێژوویـی هاوپەیمانیـی نیشـتمانی و سـوننە بکەیـن، دەبینیـن کـە یەکەمیـان زیاتـر لۆژیکیتـرە لـە دووەمیـان، ئـەوەی سـوننە پرۆژەیەکـی مەترسـیدارەو هەڕەشـەیە بۆسـەر ئاینـدەی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سـەربازیی کوردسـتان، چونکـە سـوننە واز لـە لەخۆباییبوونیـان ناهێنـن کـە بـەردەوام پێیـان وایـە تەنیا دەبێ سـوننە حوکمـی عێـراق بـکات، عێراقیش نابێ پرۆژەی فیدراڵـی و کۆنفیدراڵـی دابەشـبوون قبوڵبـکات، مـادام پرۆژەکـەی سـوننە لـە منداڵدانێکـی لوتبـەرزی و خۆبەزلزانینـەوە پەیدابـووە، بۆیـە بـە سـەقەتی و گێڕیـی لەدایـك دەبێـت، ئـەم جـۆرە پـرۆژە سـەنتراڵییە قەومچێتییـە عەرەبییانـە کۆتاییـان هاتـووە، کـە ئـەم هەمـوو ماڵوێرانـی و کارەسـاتانەیان لێکەوتـەوە، بۆیـە بـا وازیـان لـێ بێنیـن و نیشـتمانێکی دوور لـە درووشـمی پڕوپـووچ بنیـات بنێیـن کـە هاووڵاتیـان تێیـدا هەسـت بـە بەختـەوەری و ژیانێکـی ئاسـوودە بکـەن، نیشـتمانێك یاسـا تێیـدا سـەروەر بێـت، بـا ئینتیمـا تەنیـا بـۆ نیشـتمان بێـت نـەك بـۆ حزب و کەسـایەتیی ئاینـی وسیاسـی بێـت، هەروەهـا ئینتیمـا بـۆ ئایـن و نەتـەوەو تایفـەو ئاینـزا نەبێـت.

---

*** سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتـی دیموکراتـی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**ئەگەر بەراوردی نێوان هەردوو پرۆژەی چارەسەری مێژوویی هاوپەیمانیی نیشتمانی و سوننە بکەین، دەبینین کە یەکەمیان زیاتر لۆژیکیترە لە دووەمیان، ئەوەی سوننە پرۆژەیەکی مەترسیدارەو هەڕەشەیە بۆسەر ئایندەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازیی کوردستان، چونکە سوننە واز لە لەخۆباییبوونیان ناهێنن کە بەردەوام پێیان وایە تەنیا دەبێ سوننە حوکمی عێراق بکات**

**ئەم پرۆژەیە زۆر بە وردی و هێمنانە لەلایەن ئەکادیمی و یاساناس و سیاسەتوانانی ناسراوەوە نووسراوەتەوە، دیدی سوننە بۆ ئایندەی سیاسیی عێراق پیشان دەدات بۆ قۆناغی دوای داعش، هەروەها بۆ قۆناغی پێش دەستپێکردنی دیالۆگی جیددی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، بە تایبەتیش هاوپەیمانیی نیشتمانی**

### یاسچا مۆنک پسپۆڕی تیۆری سیاسی بۆ گوڵان:

# بوونی گرووپە تیرۆریستییەکان بووەتەهۆی ئەوەی پاڵپشتی لە پۆپۆلیستەکان بکرێت

**یاسچا مۆنك، وانەبێژی تیۆری سیاسییە لە زانکۆی هارڤارد، لە توێژینەوەکانیدا بایەخی سەرەکی بە تیۆری سیاسی و سیاسەتی بەراوردکاری دەدات، لە ئێستاشدا کار لەسەر قەیرانی لیبراڵی دیموکراسی و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و پرسە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەکات. بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو تەحەددییانەی کە رووبەڕووی سیستمی لیبراڵی جیهانی دەبێتەوە و بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لەسەر ئەم پرسە و بۆ تاوتوێکردنی چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ئێستا زۆر باس لەوە دەکرێت سیستمی لیبراڵیی جیهانی لەبەردەم مەترسییەکی ئەوتۆدایە کە خەریکە ئاراستەیەکی زۆر خراپ دەگرێت، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا دەکرێت بەجیهانی ئێستا بڵێین جیهانێکی بێ سیستەم؟ یان ئایا دەکرێت بڵێین جیهان پێویستی بە دووبارە دارشتنەوەی سیستمێکی دیکە هەیە؟**

- بەڵێ پێموایە پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەیە، چونکە ئەمە سیستمە سوود و قازانجی زۆری هەبووە، بۆ نموونە ئاستێك لە سەقامگیری نێودەوڵەتی دەستەبەرکردووە، کەواتە ئەم سیستمە لە قازانجی وڵاتانی وەك ئەمریکا و بەریتانیا بووە، لە هەمان کاتدا هەندێ وڵاتی دیکەی وەك هیندستان و ئەندەنوسیا هەستیان کردووە کە ئەم سیستمە خزمەت بە پێداویستییەکانی ئەوان دەکات، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە گوێ لە نیگەرانییەکانی وڵاتانی دیکە بگیرێت و کار لەسەر ئەوە بکرێت کە پتر ئاوێتەی سیستمەکە بن و زیاتر هەستی خاوەندارێتییان بۆ ئەم سیستمە لا دروست بێت. بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامدا ئەو وڵاتانە ببنە بەرگریکار و داکۆکیکار لە سیستمەکە، نەك خۆیان بە دوژمنی سیستمە بزانن.

*** ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بەوجۆرە سەیری سیستمی جیهانی دەکات بەوەی پێویستە ئەمریکا چاو بە هاوپەیمانییەکانیدا بخشێنێتەوە و دەست لە پابەندبوونەکانی بۆ پاراستنی سیستمی جیهانی هەڵبگرێت، ئایا ئەمریکا تاچەند دەتوانێت ئەم کارە بکات ؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا چیتر نایەوێت سەرکردایەتی سیستمی جیهانی بکات؟**

- دەتوانین بڵێین بەڵێ و نەخێر، چونکە لە ماوەی ١٠٠ رۆژی سەرۆکایەتیەکەیدا ئێمە بینیمان سەرۆك ترەمپ کە کردەوەکانی زۆر جیاوازن لە لێدوانەکانی، واتە جۆرێك لە نادڵنیایی هەیە لەم رووەوە، بۆ نموونە، ئەمریکا هەڵوێستێکی نەرمی



لە ئاستی رووسیادا نەگرتەبەر — بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا-، لەلایەکی دیکەوە هەندێ جار ئەمریکا وا دەرکەوتووە کە ئامادە بێت بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی کورتخایەن لەگەڵ دیکتاتۆرەکاندا، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی بەدیل لەئارادا نەبووە، بەڵام هەمیشە ئەمریکا تەفزیلی دیموکراسی بەسەر دیکتاتۆریەتدا کردووە، کە لە راستیدا زەحمەتیشە کارێك بکەیت کە وڵاتێك هەنگاو بەرەو لیبراڵ دیموکراسی هەڵبگرێت، کە پێناچێت ئەمەش لە سایەی ئیدارەی ترەمپدا رووبدات. پێدەچێت ترەمپ مەیلی بۆ سەرکردە بەهێزەکان هەبێت، چونکە ئەگەر تۆ لەو رەخنانە بڕوانیت کە لە ماوەی مانگی رابردوودا ئاڕاستەی کردوون لە دژی راوێژکاری ئەڵمانیا —ئەنجێلا مێرکڵ- و سەرۆك وەزیرانی ئوستralیا و ئەو ستایشەی کە کردوونی لە ئاستی ڤلادمیر پوتین و محمەد سیسی، ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو تەفزیلی دیکتاتۆرەکان لەسەر دیموکراتەکان دەکات. خۆ ئەگەر بێتو ئەمەش کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبێت، ئەوا زیانی گەورە بە رەوتی بە دیموکراتیکردن دەگەیەنێت لە سەرتاسەری جیهاندا.

*** پێشتر پەرەپێدانی دیموکراسی و بنیادنانی نەتەوە بە بەردی بناغەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە قەڵەم دەدران، بەتایبەتی لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بۆشدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە ئێستادا بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ چین؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بەوەی دەتوانێت تا چ سنوورێك بڕوات، چونکە ئێوە بڕوانن کە جۆرج بۆش ئامادە بووە بە هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ سعودیەدا بچێتەوە، بەڵام هیچ بەدیلێکیان بەدی نەکرد. ئەوەی پەیوەندی بە ترەمپیشەوە هەبێت، ئەوا پێناچێت هیچ بایەخێك بە پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی

دیموکراسییەوە بدات، ئەم بایەخنەدانەش گەیشتۆتە رادەی ستایشکردنی دیکتاتۆرەکان، ئەوە مەسەلە راستەقینەکەیە.

*** کێشەی هەرە سەرەکیی ئەمڕۆی جیهان، کێشەی نێوان دەوڵەت و دەوڵەت نییە، بەڵکو کێشەکە لە ناوخودی دەوڵەتەکان خۆیەتی، دیارە لە وڵاتانی رۆژئاوا کێشە ناوخۆییەکان و دەستەبژێری سیاسی کارێکی وایان کردووە کە هاووڵاتی ئاسایی پەراوێز بخرێت و پۆپۆلیزم بە چڕی سەر هەڵبدات، ئایا تاچەند سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم هەڕەشە لە دیموکراتی لیبڕاڵیزمی رۆژئاوا دەکات؟**

- لە راستیدا کێشەی مەسەلەکە ئەوەیە نوخبەی سیاسیی کۆمەڵە ئامانجێکی تایبەتی بۆ خۆی دیاریکردووە کە رەنگدانەوەی خواست و ویستی خەڵکە ئاساییەکە نین، بۆ نموونە، سیاسەتێکی ئابوورییان پیادە کردووە کە تەنیا خزمەتی بە چینی دەوڵەمەندەکان گەیاندووە. کەواتە ئەوانە دەرئەنجامی نەبوونی داینامیکییەتی سیاسی و گەشەی ئابوورین، کە هەموو ئەوانەش هێنانەئارای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئابووری جیهانی و بواری گەشەپێداندا دەکەنە کارێکی پێویست.

*** توێژینەوەکتان بە هاوبەشی نووسیوە بە ناونیشانی "the democratic disconnect" کە باس لەوە دەکەن هاووڵاتیان لە رۆژئاوادا نەك تەنیا ناڕازی و نائومێدن لە ئاست سەرکردە سیاسییەکاندا بەڵکو بە گومانەوە لە بەها دیموکراتییەکانیش دەڕوانن، دەتوانن زیاتر ئەمە روون بکەنەوە؟**

- لە راستیدا ئەوانە پەرەسەندنێکن کە مایەی نیگەرانین، تەحەددییەکە ئەوەیە چۆن کار لەسەر چارەسەرکردنیان بکەین، چونکە ناکرێت نەوە دوای نەوە بەو تێڕوانینەوە لە بەها دیموکراتییەکان بڕوانن.

*** ئایا ئێوە گەشبینن لە ئاست مرونەتی دامەزراوەکانی لیبڕاڵ دیموکراسی بۆ رووبەڕووبوونە و زاڵبوون بەسەر ئەو تەحەددییانەی کە دووچاری بوونەتەوە، بەتایبەتی دیاردەی پۆپۆلیزم؟**

- لە راستیدا ئەمە بەندە بەوەی ئێمە باسی بارودۆخی چ وڵاتێك دەکەین، چونکە جیاوازی هەیە لە هەل و مەرجی ئەمریکا و فەڕەنسا لەلایەك و تورکیا و هەنگاریا لەلایەکی دیکەوە.

*** سەبارەت بەدەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، ئێمە دەبینین کە ئەم ناوچەیە رووبەڕووی ئاستێکی بێ پێشینەی توندوتیژی و پشێوی بۆتەوە، کە ئاکامی جیهانی لێکەوتۆتەوە، هەروەها سەریکێشاوە بۆ دروستبوونی چەندین گرووپی مەترسیداری تیرۆریستی، وەك داعش و هاوشێوەکانی، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم گرووپە تیرۆریستیانە بوونەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر سیستمە لیبڕاڵییە جیهانییەکە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە ئاکام و کاریگەرییەکانیەوە هەبێت لە سەر سیستمی لیبڕاڵی، ئەوا لەلایەکەوە کاریگەرییەکەیان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لە هەندێ رووەوە بیانوویەك دەدەنەدەست پۆپۆلیستە ئەوپەڕی راستەکان، یاخود دۆخێکیان دروستکردووە کە ئاسانتر بێت بۆ پۆپۆلیستە ئەوپەڕی راستەکان بۆ ئەوەی پشتیوانیان لێبکرێت، کە پێویستە کارێك بکەین بۆ راوەستاندنی ئەم پەرەسەندنە، واتە بۆ راگرتنی ئەم چەشنە کاردانەوەیە. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بوونەتەهۆی ئەوەی کە کاردانەوەی ئەو وڵاتانە پشتیوانیکردن بێت لە دامەزراوە دیموکراتییەکان.

*** ئەگەر لە ئێستادا گومانێك لەسەر بەها و دامەزراوە دیموکراسییەکان دروست بوویێت لە رۆژئاوادا، ئەی پێتوایە ئەگەرەکانی بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چین؟**

- بە گشتی ئەمە پرۆسەیەکی قورسە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەلایەکەوە تۆ دابەشبوونی ئایینی و ئیتنیت هەیە لەم ناوچەیەدا، لەلایەکی دیکەوە تۆ حکومەتگەلێکت هەیە لەم ناوچەیەدا لە ئاست بەرپرسیارێتی نەبوون لەبەردەم هاووڵاتییەکانیان، لەبەر ئەوەی بۆ دەستبەرکردنی دارایی پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تەحەددیەکی دروست کردووە.

*** ئێوە تێڕوانینت چییە لەبارەی کوردستانەوە؟**

- من پێموایە ئەگەری بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی پەیوەست بە دیموکراسیەوە لە هەرێمەکەی ئێوەدا زیاترە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، لەبەر ئەوە من هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم لەم هەوڵانەتاندا.

**لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەلایەکەوە دابەشبوونی ئایینی و ئیتنی هەیە لەلایەکی دیکەوە حکومەتگەلێکت هەیە لەم ناوچەیەدا لە ئاست بەرپرسیارێتی نەبوون لەبەردەم هاووڵاتییەکانیان**

**کێشەی مەسەلەکە ئەوەیە نوخبەی سیاسیی کۆمەڵە ئامانجێکی تایبەتی بۆ خۆی دیاریکردووە کە رەنگدانەوەی خواست و ویستی خەڵکە ئاساییەکە نین**

**ئەگەری بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی پەیوەست بە دیموکراسیەوە لە هەرێمەکەی ئێوەدا زیاترە بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکە، لەبەر ئەوە هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم**



## کییر لییبەر
## پسپۆڕی دیراساتی ئەمنی بۆ گوڵان:

# هەر شەڕێکی تەقلیدی لە نیمچە دوورگەی کوریادا رووبدات بە رەوتێکی خێرا دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی ناوکی

**کییر لییبەر پرۆفیسۆرە لە پرۆگرامی دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی جۆرج تاوون، پێشتریش پرۆفیسۆر بووە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی نۆتردام، هەروەها توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك هۆکارەکانی شەڕ، چەکی ناوکی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گوڵان ویستی راو و بۆچونی بزانێت لەبارەی دوایین پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نیمچە دورگەی کۆری و هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و کوریای باکوور، ئەویش بەم وتارە کورتە تێڕوانین و شیکردنەوەی خۆی خستەڕوو.**

پێموایە ئەگەرێکی گەورەی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە دوورگەی کوریدا لەئارادایە، بەڵام زەحمەتە بۆ من (لە راستیدا بۆ هەر کەسێکی دیکەش) کە پێشبینی رەفتارەکانی ترەمپ، یان راوێژکارەکانی بکەین، بەڵام پێدەچێت ئەمریکا هەڵوێستێك بگرێتەبەر کە بوار نەدات بەوەی کۆریای باکوور ببێتە دەوڵەتێك کە تەواو پڕچەك بێت بە چەکیی ناوکی. لەوەش زیاتر، من باوەڕم وایە ئەگەر شەڕێکی — ناکۆکییەکی- تەقلیدی هەڵبگیرسێت لە نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا و کۆریای باشووردا، ئەوا کاتە کۆریای باکوور رووبەڕووی پاڵنەری عەقڵانی گەورە دەبێتەوە بۆ بەکارهێنانی هەر توانایەکی ناوکی کە هەیبێت بە ئامانجی راگرتنی دەستبەجێی شەڕەکە.

چونکە ئەگەر کۆریای باکوور چەکە ناوکییەکانی بەکارنەهێنێت، ئەوا شەڕە تەقلیدییەکە دەدۆڕێنێت. خۆ ئەگەر بێتو کۆریای باکوور شەڕێکی لەم چەشنە بدۆڕێنێت، ئەوا —سەرۆك- کیم و سەرکردە شوێنکەوتووەکانی چارەنووسێکی خراپ چاوەڕوانیان دەکات. لەبەر ئەوە، ئەوان هەوڵدەدەن لە مەودایەکی تا رادەیەك سنووردارردا چەکە ناوکییەکانیان بەکار بهێنن، کە بە دوایدا هەڕەشەی ئەوەش دەکەن کە چەکی زیاتر بەکاردەهێنن لە دژی ئەو ئامانجانەی کە گرنگییەکی زیاتر و زیاتریان دەبێت ( لە نێویاندا شارەکانی یابان، یان بنکەکانی ئەمریکا ) تا ئەو کاتەی کە ئەمریکا/کۆریای باشوور ئۆپەراسیۆنەکانیان رادەگرن. کەواتە، بە کورتی، من باوەڕم وایە کە شەڕێکی تەقلیدی بە رەوتێکی خێرا دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی ناوکی ئەگەر بێتو شەڕ هەڵبگیرسێت. من نازانم ئایا ئەمریکا هێرشی پێشوەختە دەکاتەسەر هێزە ناوکییەکانی کۆریای باکوور، بەڵام پێدەچێت ئەم ئەگەرە زیاتر و زیاتر بێتەئاراوە.

# پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئاستی دەوڵەتبوون



مەیادە محەمەد نەجار*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یەکێکە لەهەنگاوە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و پتەوبوونی دەوڵەت، چونکە هەر دەوڵەتێك، (فیدراڵی، کۆنفیدراڵی یان سەربەخۆ) پێویستە لە رووی سیستماتیکەوە گرنگیی زۆر بە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بدات. ئەوەی ئەمڕۆ تێبینی دەکرێت لەهەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی باش کار لەسەر سیستمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کراوە، بەسیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی، توانراوە سیستمێکی پتەو بۆ بنیادنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت و ئێستا زۆر لە وڵاتانی جیهان خوازیاری ئەوەن کە لەبری عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بیناد بنێن. ئەگەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە، دەبینین پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان نیشانەی سەرکەوتنی وڵاتان بووە، هەر دەوڵەتێك سیستمێکی پتەوی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرنامەڕێژ کردبێت، ئەوا توانیویەتی لە بنیادنانی سیستماتیکی سیاسیدا زۆر سەرکەوتوو بێت، لەبەرامبەردا هەر وڵاتێك بەشێوەیەکی باش لەم بوارەدا کاری نەکردبێت، سەرکەوتوو نەبووە.

ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانییەوە هەوڵی داوە لە رووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەری تێبگات، پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا بە درێژای رۆژگار پەیوەندییەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەك دەبینین بە هۆی پێشەوەچوونی هزری مرۆڤ و داهێنانە زانستییەکان، چەندین تیۆر و قوتابخانە دروست بوون لەپێناو شیکارکردنی ئەو پێشهاتانەی کە لەچواردەوری مرۆڤدا روو دەدەن، پەیوەندیی نێوان تاکەکان گۆڕدراوە بۆ پەیوەندی نێوان خێزانەکان، دواتر بۆ پەیوەندی نێوان ماڵباتەکان و دواتریش بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان یەکێك لە چەمکە گرنگەکانی بونیادنانەوەی سیاسەتە، چونکە پەیوەندیی نێودەوڵەتی سەرەکیترین پایەو پرەنسیپە بۆ دروستکردنی دەوڵەت. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی یەکێك لە هەنگاوە سەرەکییەکانی بەهێزبوون و بنیادنانی پایەیەکی ئابووری و برەودانە بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەمە بێجگە لەوەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وابەستەیە بەمامەڵەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە لەسەر بنچینەی مەودای گرنگییەتی بۆ ناوەندە پیشەسازییە گەورەکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە کارایی دیپلۆماسی و پاراستنی بەرژەوەندییە هەنوکەییە گرنگەکان، لە روویەکی دیکەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری زۆریان لەسەر دارشتنەوەی ئایندەی

بە دامەزراوەکردنی دەوڵەت و گەیشتن بە ئایندەی سیاسی هەیە. وەك دەبینین زۆر جار وڵاتێك بەهۆی نەبوونی پەیوەندیی نێودەوڵەتییەوە ناتوانێت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە سیاسییەکاندا بەرگری لەخۆی بکات. واتا پەیوەندیی نێودەوڵەتی زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە میللەتێك لەسەربەخۆیی بوون نزیك بکاتەوە، بەپێچەوانەشەوە لەکاتی نەبوونی ئەم پەیوەندییەدا،ئەوا ئەم وڵاتە تووشی گرفت دەبێت.

بەشێك لە بیرمەندانی سیاسی پێیانوایە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك یەکێك لەگرنگترین لقەکانی زانستی سیاسەت بووەتە بابەتێکی جێی بایەخ، بەشی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانیش پێیانوایە کاروباری نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێش دەکەوێت، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین چاودێرانی بواری سیاسی، مێژووی یەکەم جار دەرکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاتی مێژوونووسی یۆنانی تۆسیدیدەس (٤٦٠-٣٩٥ پێش زایین) دەگەڕێننەوە، بەڵام بەشێکی دیکەیان پێیانوایە کە مێژووی دەرکەوتنی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان زۆر لەوە کۆنترەو سەرەتا وەك مێژووی پەیوەندی لەنێوان دوو نەتەوەدا دەرکەوتووە، تەنانەت هەندێکیان مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ پەیوەندییەکانی نێوان شارەکان لە ناوەوەی دەوڵەتی سۆمەری کۆن دەگەڕێننەوە، واتە بۆ ٣٥٠٠ ساڵ بەرلە زایین، بەچەندین شیوەی جیاوازیش پێناسەکراوە. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لەکۆمەڵێك سیستم و میکانیزمی تایبەت، لە کۆمەڵێك چەمك و سیستم و پرەنسیپ و ڕێکار و دامەزراوە و نێودەوڵەتی پێکدێت، هەروەها هەندێکی دیکە لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە کە پەیوەندیی نێودەوڵەتی بریتییە لە کارلێکی هاوبەش لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێو دوو دەوڵەت ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی پێشکەوتنی تواناکانی هەردوولا، هەروەها بەشێك لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە کە پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە ڕووی لۆژیکییەوە بریتییە لە هاوبەندییەکی سیاسی لەنێوان دەوڵەتان ئەمە بێجگە لەوەی وەك زانستێك پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە خۆی لە خۆیدا زانستێکە و جۆرێکە لە تەکنیکی بەڕێوەبردنی دیالۆگ و پەیوەندی لەنێوان دەوڵەتاندا، هەروەها کەسی دیپلۆمات کۆمەڵێك سیفاتی هەیە کە حەسانەی تایبەتی هەیە و نابێت بەهیچ شێوەیەك خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی دەستگیر بکرێن، هەروەها نابێت بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەهیچ شێوەیەك باج نادات، لە ڕوویەکی دیکەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت ڕووبەڕووی پشکنین ببێتەوە.

خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك زانستێك، چەند بۆچوونێکی جیاوازی لەسەر هەیە، چەندین جاریش لەشێوازی جیادا باسکراوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە، یەکەمجار کە وەك بابەتێکی سەربەخۆ لە زانکۆیەکی ئینگلتەرا خوێندرا، ئەوکات بە بابەتەکەیان دەوت: (تیشکی ژێر سوور) کە ئەکادیمیایەکی تایبەتمەند بوو لە (١٩١٩) دامەزرا بەسەرۆکایەتی وۆدرۆ ویڵسن لە زانکۆی ویلز (ئێستا زانکۆی -ئەبیریست ویت-ە)، پاشان لەگەڵ دیڤد دیڤیز زانکۆی جۆرج تاون-یان دامەزراند کە بەکۆنترین زانکۆ دادەنرێت بۆ خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا (١٩٢٠) بەر لەویش پەیمانگای لەندەن دامەزرا لە ١٩١٩ بۆ خوێندنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی جیهانی لەلایەن فیلیپ نۆییل بۆ ئاشتی کە بۆ یەکەم جار بوو بە شێوەیەکی فراوان خوێندکاری لێ وەرگیرا لە ئاستێکی بەرز. هەروەها وردە وردە گرنگیدان بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەك زانستێك گرنگ بوو، دواتر بەشی مێژووی نێودەوڵەتی کرایەوە لە زانکۆی لەندەن و خوێندنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دەستی پێکرد، پاشان کردنەوەی زانکۆی تیشکی ژێرسووری بەدوادا هات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سویسرا، یەکەم زانکۆی تایبەتیش بەم بوارە لەساڵی ١٩٢٧ دامەزرا لە ئەمریکا بۆ خوێندنی تیشکی ژێر سوور و بەشەکانی پەیمانگای باڵای لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی کردەوە ( ئێستا پەیمانگای باڵای لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان و گەشەپێدان)، کە خوێندکاری باڵا بەرهەم دێنێت لە بوارەکانی دیپلۆماسیی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان. لە کەنەدا لەساڵی ١٩٦٥ زانکۆ و قوتابخانەی نۆڕمان باترسۆن کرایەوە بۆ خوێندنی کاروباری نێودەوڵەتی، بۆ یەکەمجاریش لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ ئەم بەشەی خوێندن لە هەریەك لە زانکۆکانی کوردستان و زانکۆی جیهان کرایەوە.


*** ماجستێر لە کارگێڕی کار**

**بەشێك لە توێژەرانی بواری سیاسی پێیانوایە کە پەیوەندیی نێودەوڵەتی لە ڕووی لۆژیکییەوە بریتییە لە هاوبەندییەکی سیاسی لەنێوان دەوڵەتان ئەمە بێجگە لەوەی وەک زانستێک پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

**هەر دەوڵەتێک سیستمێکی پتەوی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرنامەڕێژ کردبێت، ئەوا توانیویەتی لە بنیادنانی سیستماتیکی سیاسیدا زۆر سەرکەوتوو بێت**



# ئەكادیمییەكان



د.نەجدەت ئاكرەیی


بۆ گوڵانی نووسیوە

مەبەست لە ئەكادیمییەكان بریتین لەو كەسانەی كە وەك توێژێكی گرنگ و هەستیار لە كۆمەڵگەی ئەكادیمی دەژین. ئاشكرایە كەوا كۆمەڵگە بەگشتی بریتییە لە چەندین توێژ، هەر یەكەشیان پێگەی خۆی هەیە، بۆ نموونە كۆمەڵگەی سەربازی، كۆمەڵگەی ئەمنی، كۆمەڵگەی دادوەری، كۆمەڵگەی پزیشكی، كۆمەڵگەی ئەندازیاری، كۆمەڵگەی بازرگانی و پیشەسازی، كۆمەڵگەی دیپلۆماسی و.. هتد، هەریەكە لەو كۆمەڵگەیانە یاساو دابونەریتی خۆیان هەیە كە ئەرك و ماف و ڕۆڵەكانیان ڕێكدەخەن. بۆ نموونە كۆمەڵگەی ئەكادیمی: یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)، و یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی( ٢٠٠٨) و یاسای زانكۆ تایبەتەكان ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)، و چەندین یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی تایبەت ئەم بابەتانە ڕێكدەخەن لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایانەدا.

مەبەست لە ئەكادیمییەكان بریتییە لە مافە ئەكادیمییەكان، ئەركی ئەكادیمییەكان، جۆری ئەكادیمییەكان، دامەزراوە ئەكادیمییەكان كە بریتین لە زانكۆ حكوومی و تایبەتییەكان و سەنتەرەكانی توێژینەوەی زانستی، پلە زانستییەكان، هەموویان بابەتی ئەم كۆمەڵگەیە ڕێكدەخەن.

خوێندن و ڕەوڕەوەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستان لە (١٩٩١-٢٠١٧) ئاماژە بە ڕۆڵی بەرچاوی ئەم توێژە دەكات لەبواری بنیادنانی ئەم كیانە، سەرەتا (١) زانكۆ و (٣) پەیمانگا هەبوون، بەڵام ئێستا (٢٩) زانكۆ (١٤ حكوومی و ١٥ تایبەت) و (٩) پەیمانگای تایبەت هەن، ژمارەی مامۆستایانی زانكۆ لە (١٥٠)وە گەیشتۆتە نزیكەی (١٠٠٠٠) مامۆستا بە پلەی زانستی جیا جیا ( مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر). سەنتەرەكانی توێژینەوەی زانستی بریتین لە (١٣) سەنتەری تایبەت بە زانكۆكان، جگە لەبۆردی پزیشكی و دەستەی كوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی. لە ڕاستیدا ڕۆڵی بەرچاوی كابینە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕوون و ئاشكرایە لەم بوارەدا .

پەیامی سەرەكیی كۆمەڵگە ئەكادیمییەكەی كوردستان بریتییە لە ئامادەكردنی كادیری تایبەت بە بوارە جیاجیاكانی مەعریفە بۆ كۆمەڵگە و دامەزراوەكان و كەرتی تایبەت،



هەروەها توێژینەوەی زانستی لە بابەتەکانی پێویست، چ بە میکانیزمی نامە و تێزەکانی (ماستەر/ دکتۆرا) یاخود، بە چالاکیی ئەکادیمی جۆراوجۆر (توێژینەوە، ۆورکشۆپ، پانێل، کۆنفرانس، بابەتەکانی خوێندن و.. هتد) لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات.

لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین کە لەهەرێمی کوردستان ئەم توێژە گرنگە شانبەشانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایش کارەکانی خۆیان بە لێهاتوویی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەڕێوەدەبەن، بەڵگەش بۆ ئەمە بەردەوامیدانە بە پڕۆسەی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کەوا کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە بکرێت و ئاوڕ لەپێداویستسییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەم توێژە گرنگە (ئەکادیمییەکان) بدرێتەوە، بەپێچەوانەوە کۆچکردنی عەقڵەکان دەست پێدەکات کە یەکێك لە مەترسییەکانی سەر ئەم ئەزموونەیە.

ئەکادیمییەکان وەك مرۆڤی سیاسی و مرۆڤی دەوڵەت ڕۆڵ دەبینن، دەبێت هەر بەو چاوەش سەیر بکرێن، زۆرجار دیدی ڕەخنەگرانەیان هەیە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی خوێندنی ئەکادیمی، چونکە بە ڕەخنەکانیان پێدەزاندرێن. بۆیە هەڵەیە ئەگەر بڵێین ئەکادیمییەکان تەنیا تەکنۆکراتن، نەخێر لەهەمان کاتدا ڕەنگە سیاسیش بن و دید و بۆچوونی خۆیان هەیە و دەبێت ڕێز لە ئازادیی ئەکادیمی بگیردرێت لەبەر ڕۆشنایی سەقای دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ.

ئەکادیمییەکان بە یەکێك لە کەناڵە دیپلۆماسییەکان هەژمار دەکرێن، ئەویش دیپلۆماسیەتی ئەکادیمییە کە بازنەی پێکەوە بەستانن لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییە جیهانییەکان و هەرێمی کوردستان.

ئەزموونی زۆر لە دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی جیهان بۆ نمونە (ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاواو رووسیای فیدراڵ و ئۆستراڵیا و چین و کەنەدا) بەڵکو (کۆریای باشوور، هیندستان، مالیزیا، سەنگافورە، باشووری ئەفریقیا، ئێران، تورکیا، وڵاتانی کەنداو) ڕۆڵی ئەکادیمییەکان بەرچاوە لە بنیادنان و پێشکەوتنی ئەم وڵاتانە. بۆیە دەبێت سیاسییەکان حیساب بۆ ئەکادیمییەکان بکەن و لەهەمان کاتدا ئەکادیمییەکانیش حیساب بۆ سیاسییەکان بکەن لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەیشتن بە ئاقاری ئارامی و بە خاوەن دەوڵەتبوونی کوردستان.

**کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە بکرێت و ئاوڕ لە پێداویستسییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەم توێژە گرنگە (ئەکادیمییەکان) بدرێتەوە، بە پێچەوانەوە کۆچکردنی عەقڵەکان دەست پێدەکات کە یەکێک لە مەترسییەکانی سەر ئەم ئەزموونەیە.**